# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەگگرن!

# ٤٨٩

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٩ – گوڵانی – ئاپریلی٢٠٢٦


## سەروتار

### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی یەکی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

چینی کرێکاری ئێران لە هەلومەرجێکدا لە یەکی مەی، هێمایەی هاوپشتیی چینایەتیی کرێکارانی جیهان نزیک دەبێتەوە کە لە یەکی مەی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا شەڕێکی دوازدە ڕۆژە لە ٢٣ی جۆزەردان تا ٣ی پووشپەڕی ١٤٠٤، و شەڕێکی چل ڕۆژە لە ١٠ی ڕەشەمە تا ١٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ی تێپەڕاندووە وئێستاش ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهاتنی یەکجاری شەڕەکە لەئارادا نییە. لێکەوتەکانی ئەم دوو شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە کە لە لایەکەوە دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و لە لایەکەی دیکەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، کار، ژیان، بژێوی، ئاسایش و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی ئێرانی لە دۆخێکی زۆر دژوارتردا خستووەتە ژێر گوشارەوە. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران کە بەر لەم شەڕانەش بە دیاریکردنی حەقدەستگەلێکی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، بە پەلاماردانی سفرەی بنەماڵە کرێکارییەکان، پەرەپێدانی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و باوکردنی گرێبەستە کاتییەکان، لەناوبردنی ئاسایشی کاری و زیادبوونی قوربانیانی ژینگەی نائەمنی کار و بە یەک وشە بە هەرزانکردنی هێزی کار و توندترکردنەوەی سەرکوت، بارودۆخێکی پڕ لە مەینەتی بەسەر چینی کرێکار و خەباتی ئەم چینەدا سەپاندبوو، لە ئاکامی ئەم شەڕانە و بە بیانووی ئەم شەڕانەشەوە، کار و ژیان و خەباتی ئەم چینەی زیاتر لە جاران خستووەتە نێو مەنگەنەوە. ئەم شەڕە بە کوشتاری هەزاران کەس و ئاوارەیی و وێرانکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پچڕاندنی ئینتەرنێت و بێکارکردنی سەدان هەزار کرێکار و توندترکردنەوەی شەپۆلی سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی، نەک هەر بنەماکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خستووەتە ژێر زەبرەوە، بەڵکوو بە پەراوێزخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان، ڕەوتی گەشەی ئەم بزووتنەوانەی لە بواری ڕێکخستنەوەدا تووشی وەستان کرد و زیانێکی قورسی بە بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی گەیاند. بزووتنەوەی کرێکاری کە بەر لە شەڕ بە تێکڕای زیاتر لە ٢٠٠٠ مانگرتن و نارەزایەتی لە ساڵدا، پڕجۆشوخرۆشترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێران و یەکێک لەو بزووتنەوە کرێکارییانەی جیهان بوو کە زۆرترین مانگرتنی بەخۆیەوە دەبینی، لە ئاکامی ئەم شەڕانەدا تووشی دابەزینێکی بەرچاو بوو




## ڕاگەیاندنی هاوبەش بە بۆنەی یەکی ئایار

## ڕاگەیاندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە




## کۆماری ئیسلامی، یاریکردن بە کارتی داخستنی گەرووی هورمزەوە

## شەڕ کۆماری ئیسلامیی نەرووخاند
## بەڵام زیانە قورسەکانی بەسەر خەڵک و خەباتەکەیاندا سەپا

## لێکەوتەکانی شەڕ لەسەر کار، ژیان و بژێویی کرێکاران

## ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان

ڕێبەران و هەڵسووراوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە کاتێکدا لە ڕۆژی جیهانی کرێکار نزیک دەبنەوە کە هاوکات دەبێ بە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی یەکگرتوویی و هاوپشتی و هاوکاری مرۆڤانە لە ژینگە و شوێنی کار و ژیانی کرێکاران و بەزیندوو ڕاگرتنی هیوای گۆڕانکاری، نەهامەتییەکانی سەردەمی شەڕ تێپەڕێنن و لە هەمان کاتیشدا بۆ قۆناغی پاش شەڕ خۆیان ئامادە بکەن. سۆسیالیستەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری، بە پشتبەستن بەو ڕاستییانەی کە پەیوەستن بە سروشت و ماهییەتی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارییەوە، لە لایەکەوە لە بەرامبەر دارمانی ئەخلاقی و هەڵوێستە دژەمرۆییەکانی بەرگریکارانی هێرشی سەربازی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل، و لە لایەکی دیکەشەوە لە بەرامبەر هەڵوێستە کۆنەپەرستانەکانی چەپی «میحوەری موقاوەمەت» (کە شەڕانگێزی کۆماری ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی وەک بەشێک لە بەرخۆدانی جەماوەری لە دژی هێژمۆنی سەرمایە و ئیمپریالیزم دەناسێنن)، سنووربەندییەکی یەکلاکەرەوەیان گرتەبەر، و بە هۆشیاریی چینایەتی، ئەزموون و ئیعتباری کۆمەڵایەتییەوە بەرەوپیری ئەم ئەرکە دژوارانە دەچن

بێگومان کۆماری ئیسلامی لەژێر هێژمۆنی سپای پاسداران کە ئامانجی سیاسی خۆی لە شەڕەکەدا بە پاراستن و مانەوەی نیزامی ئیسلامی پێناسە کردبوو، کۆتایی شەڕەکە بە هەراوهوریای تەبلیغاتی وەک سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی خۆی بەگوێی خەڵکدا دەدات و بە ڕوانگەیەکی فاشیزمانەوە هەر لەم تاکتیکە بۆ توندترکردنی کەشوهەوای پۆلیسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا کەڵک وەردەگرێت. وێڕای ئەمەش، لێکەوتە و وێرانییەکانی شەڕ، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و هەڵاوسان و گرانی کەمەرشکێن، دارمانی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە، و داماوی ڕژیم لە دابینکردنی نان و کارەبا و ئاوی خەڵک و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، قەیرانی ڕەوایی سیاسی ڕژیم توندتر دەکاتەوە و کێشمەکێش و ململانێکانی نێو دەسەڵاتی ئیسلامی پەرەپێدەدات. لەسەر بەستێنی ئەم بارودۆخە بابەتییە، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی دیکە بە تێپەڕاندنی ماندوویی و شەکەتی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ، سەرلەنوێ دێنەوە مەیدان

ئەوەی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گرنگییەکی چارەنووسسازی هەیە، وشیارییە سەبارەت بەم زەروورەتەی کە ئەمجارەیان بە وانەوەرگرتن لە ئەزموونی شەڕ و ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، هۆشیارانەتر و ڕێکخراوتر لە جاران درێژە بە خەبات دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بدەن و پەرەی پێ بدەن. ئەم شەڕە سەلماندی کە خەون و خەیاڵ سەبارەت بە گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری لە ڕێگەی دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە تا چ ڕادەیەک بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زیانبەخش و کوشندەیە. ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو و نیوەگیانکردنی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا کە نیشانی دا ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی ئێران لە چنگی ئەم ڕژیمە تەنیا بە دەستی خودی ئەوان مسۆگەر دەبێت، ئەم ڕاستییەشی وەبیر هێنایەوە کە حکوومەتی ئیسلامی بەو پێکهاتەیەی کە هەیەتی، بە نارەزایەتییە خۆڕسکەکانی سەر شەقام و ڕاپەڕینە نارێکخراوەکان ناڕووخێت، بەڵکوو دەبێ پێداویستییەکانی ڕووخاندنەکەی کە بریتین لە ڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و وێنایەکی ڕوون لە مانا و چەمکی سەرکەوتن، دەستەبەر بکرێن. ئەم ئەزموونانە هاوشێوەی تەواوی ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم و بیستویەکەم، جارێکی دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئامادەیی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا، و گرنگی گرێدانی کارگە و شەقام بۆ خولقاندنی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان پشتڕاست کردەوە




وانەوەرگرتن لەم ئەزموونانە، بەتایبەت لە سەروبەندی یەکی مەیدا، لە ڕێبەران و هەڵسووراوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری دەخوازێت کە لە دەوری ستراتیژییەکی سۆسیالیستی یەک بگرن. ڕێکار و ستراتیژییەک کە ڕێکخستنی چینی کرێکار لەنێو ڕێکخراوە سیاسی و چینایەتییەکان و حیزبە سیاسییەکەی خۆیدا، یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی نا بۆ لەسێدارەدان، بزووتنەوەی دادخوازی و... وە هەروەها ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگەیەوە، لە تەوەری سەرەکی خۆیدا دابنێت. کرێکاران هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەپێش نییە جگە لەوەی کە درز و کەلێنی ژیانی ڕۆژانە و قووڵایی نارەزایەتییەکەیان دژی دۆخی هەنووکەیی بە سیاسەت پڕ بکەنەوە و ببنە هێزێکی سیاسی ڕێکخراو

هەرچەندە کۆمەڵگای ئێران ئێستاش لە بارودۆخێکی جەنگیدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی یەکی مەی نەریتێکی ناسراو و جێکەوتووە لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریدا، پێویستە هەڵسووراوان و پێشڕەوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری وەک بەشێک لە کاری ئامادەکاری خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکار، لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا لەسەر زەروورەتی سیاسی و چینایەتی یەکگرتن لە دەوری ڕێکارێکی سۆسیالیستی و هەوڵدانی بەرنامەبۆداڕێژراو لەم پێناوەدا باس و گفتوگۆ بکەن. بێگومان کرێکارانی وشیار لە یەکی مەیدا سەرباری ڕاگەیاندنی سکاڵانامەی خۆیان دژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و خستنەڕووی داواکارییە دەستبەجێیەکانیان، پێویستە بە پێداگری لەسەر داخوازی ئازادی و بەرابەری، ڕزگاری ژنان لە کۆتوبەندی چەوسانەوە و ئاپارتایدی ڕەگەزی و ڕزگاری نەتەوەکان لە کۆتوبەندی ستەمگەری لەنێو بڕیارنامەکانیاندا، هەنگاوێکی مەزن لەپێناو گرێدان و هاوپشتیی هەرچی زیاتر لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بنێن. لە یەکی مەیدا پێداگری لەسەر خواستەکانی کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ، ئازادی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، ئەو داواکارییانەن کە کارخانە و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدەن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەرجەم کرێکاران و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە لە هەژاری و بێبەشی، لە زوڵم و زۆر و نایەکسانی و لە ستەم و سەرکوت وەزاڵە هاتوون داوا دەکات کە ڕێوڕەسم و ئاکسیۆنەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار بەرامبەر بە ١١ی گوڵان بە هەر شێوازێک کە دەتوانن بە جۆشوخرۆشەوە بەڕێوە ببەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیستیی کرێکاران، ڕۆژی جیهانی کرێکار ئەم هێمایەی هاوپشتیی حەماسیی چینایەتی لە هەموو کرێکاران پیرۆزبایی دەکات و ستایشی گیانفیدایی و هەوڵی دڵسۆزانە و ماندوویینەناسانەی هەڵسووراوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران دەکات لەپێناو ڕێکخستن و یەکگرتوویی ڕیزەکانی کرێکاراندا

**بژی یەکی مەی ڕۆژی هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥

١٨ی ئاپریلی ٢٠٢٦

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**

**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**

**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**

**بکەن:**

alternative-shorai.tv

# بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بۆ مەحکوومکردنی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگا و کەمپەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران



ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە درێژەی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر ئۆردوگاکانی حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کەمپەکانی پەنابەرانی سیاسی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراق، ڕۆژی هەینی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥، ئۆردوگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردە ئامانج، کە بەداخەوە بەهۆی ئەم هێرشانەوە سێ کەس بە ناوەکانی «نەدا میری»، «سەمیرا ئەڵلایاری» و «شاهین ئازەربەرزین» گیانیان بەخت کرد و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هێرشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپی پەنابەران لە «گردەچاڵ»، شەوی شەممەش بەردەوام بوو کە خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە

لە نموونەیەکی دیکەدا، بەهۆی هێرشە درۆنییەکانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگای سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کەمپی سورداش لە ناوچەی سلێمانی، لە ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی خاکەلێوە، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بریندار بوون کە بەداخەوە یەکیان بە ناوی «غەزاڵ مەولان» بەسەختی بریندار بوو و دواتر گیانی بەخت کرد. پاش برینداربوونی غەزاڵ، هاوڕێیانی دەستبەجێ و بەپەلە گەیاندیانە شاری سلێمانی. لە نەخۆشخانەی «شۆڕش»، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ ئەنجام درا، بەڵام بەهۆی نەبوونی پێداویستی و ئیمکانیاتی چاودێریی تایبەتی پزیشکی، بۆ نەخۆشخانەکانی دیکەیان ڕەوانە کرد کە هەرکامەیان بە هۆکارێک لە وەرگرتنی غەزاڵ خۆیان بوارد. نەخۆشخانەی «بەخشین» کە لە پێداویستی پزیشکی پێویست بۆ حاڵەتی وا بەهرەمەندە، بەو بیانوویەی کە ئەمە کەیسێکی ئەمنییە و دەبێ بۆ وەرگرتنی غەزاڵ مۆڵەتی فەرمی وەربگیرێت، لە وەرگرتنی ناوبراو خۆیان پاراست و بەداخەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی فارووق، غەزاڵ پێشمەرگەی لاوی ١٩ ساڵە، گیانی بەخت کرد. وەرنەگرتنی مرۆڤێکی بریندار لە بارودۆخێکی وەهادا، نەک هەر پێشێلکردنی ئاشکرای ئەرک و پەیمانی مرۆڤانە و پیشەیی بەرپرسانی نەخۆشخانە ناوبردراوەکانە، بەڵکوو تەنانەت لەگەڵ بنەماکانی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ سەبارەت بە هەڵسوکەوت لەگەڵ برینداران، لە دژیەکیی تەواودایە. بەپێی بڕگەکانی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ، کەسانی بریندار دەبێت لە هەر هەلومەرجێکدا ڕێزیان لێ بگیرێت و بپارێزرێن، تەنانەت ئەگەر کەسەکە «دوژمن»یش بێت، دیسان مافی چارەسەری هەیە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، پێوەرەکە تێبینییە سیاسی یان سەربازییەکان نییە، بەڵکوو پێوەری پزیشکییە. تەنانەت لە بەرەکانی شەڕیشدا هەڵسوکەوتی وا لەگەڵ سەربازە بریندارەکانی دوژمن، ڕەوا نییە و بەدەر لە بنەما مرۆڤایەتییەکانە. ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤانە و نابەرپرسانەیەی بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەرامبەر بە غەزاڵی بریندار، بەهەق تووڕەیی و ناڕەزایەتی زۆرێک لە مرۆڤە تێکۆشەر، شەریف و ئازادیخوازەکانی لە شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراقی لێ کەوتەوە

تەرمی بێگیانی غەزاڵ ڕۆژی هەینی ٢٨ی خاکەلێوە لە گۆڕستانی «گوردانی شوان»ـی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا و پەڵەیەکی ڕەشی دیکەی لە دۆسیەی پڕ لە تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرد. بێگومان ئەمە یەکەم جار نییە کە کۆماری ئیسلامی ئۆردوگا و کەمپەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیم لە کوردستانی عێراق دەکاتە ئامانجی هێرشی سەربازی. بەڵام جگە لە ڕیسوایی و بێزاری و نەفرەتی گشتی، هیچ شتێکی دیکەی پێ نەبڕاوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنەدا پەلەقاژە دەکات و بەم تاوانانە ناتوانێت گەرەنتییەک بۆ درێژەدان بە تەمەنی خۆی دەستەبەر بکات

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ئەم تاوانانە و هاوسەنگەرانیان، هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر ئۆردوگا و کەمپی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و پەنابەران لە کوردستانی عێراق، بە توندی مەحکووم دەکات. ئەم کردەوانە هەوڵێکی شەڕانگێزانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە لەپێناو پەرەپێدانی شەڕ و پەرەسەندنی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. جەماوەری تێکۆشەری کوردستانی عێراق بە ناڕەزایەتیی یەکگرتووانەی خۆیان بەرامبەر بەم تاوانانە، دەتوانن کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر گوشارەوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بە هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانەکانی سلێمانی لەگەڵ قوربانیان و بریندارانی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، بە بەرپرسیار بزانن و وەڵامیان لێ بخوازن. چونکە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاسایش و ئارامی ئەوانیش دەخاتە مەترسییەوە

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٥

١٧ی ئاپریلی ٢٠٢٦

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## دژ بە هێرشی تاوانکارانەی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کەمپی حیزبە سیاسییەکان لە "سورداش" و "کۆیە" لە هەرێمی کوردستان

### کرێکاران، زەحمەتکێشان، جەماوەری ئازادیخواز!

جارێکی تر ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی، لە درێژەی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و پەلکێشکردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بە هێرشی درۆنی بۆ سەر کەمپی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ناوچەکانی «سورداش» و «کۆیە» لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستی بۆ تاوانێکی نوێ برد. لە ئاکامی ئەم هێرشە دڕندانەیەدا، ژمارەیەک لە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بریندار بوون و بەداخەوە یەکێک لە پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە ناوی «غەزال مەولانی» گیانی بەخت کرد

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، وێڕای مەحکوومکردنی توند و شێلگیرانەی ئەم هێرشە تێرۆریستییانە، قووڵترین هاوخەمی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی گیانبەختکردوو غەزال مەولان، هاوڕێیانی و سەرجەم بریندارانی ئەم ڕووداوە دەکات

بەوپەڕی داخەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدەست گەیشتوون، بنکە تەندروستی و نەخۆشخانە ناوچەییەکان، خۆیان بواردووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خێرای پزیشکی بە بریندارانی ئەم تاوانە

ئێمە، لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ئۆردوگای پەنابەران و حیزبە سیاسییەکان مەحکووم دەکەین و، ئەم کارە بە نیشانەی زەلیلی و داماویی ڕژیم دەزانین لە بەرامبەر ئیرادەی جەماوەردا

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

٥١ی ئاپریلی ٦٢٠٢

***

# ڕاگەیاندنی هاوبەش بە بۆنەی یەکی ئایار

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان!**

یەکی ئایاری ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری دەچین کە کۆمەڵگەی ئێران لەژێر گوشاری کۆمەڵێک قەیرانی کەموێنەدایە. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، دوو شەڕی گەورە، یەکێکیان لە جۆزەردان و پووشپەڕی ١٤٠٤ و ئەوی دیکەیان لە ڕەشەمەی ١٤٠٤ تا خاکەلێوەی ١٤٠٥، ژیانی ملیۆنان مرۆڤی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە

خەمڵاندنەکان نیشان دەدەن کە ئەم تێکهەڵچوونانە بوونەتە هۆی لەناوچوون یان زیانپێکەوتنی سەدان یەکەی بەرهەمهێنان، لەدەستچوونی دەیان هەزار هەلی کار و هەڵکشانی چەند دە لەسەدی تێچووی بژێوی. هەڵاوسان، گرانی، ناثارامی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەندووە. ئەم شەڕانە، لەوانە کێشمەکێشەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، ماهییەتێکی کۆنەپەرستانەیان هەبووە و هیچ پەیوەندییەکیان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک و بەتایبەت چینی کرێکارەوە نەبووە. لە هەر لایەکی ئەم کێشمەکێشانەدا، هێزگەلێک وەستاون کە ژیان و داهاتووی زەحمەتکێشان هیچ پێگەیەکی لایان نییە

لەم نێوەندەدا، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانیش وەک باقی خەڵکی ئێران، هاوتەریب لەگەڵ هەژاری، بێمافی و چەوسانەوە، بەرەورووی هەڵاواردن، ستەمی نەتەوەیی و دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی بێبەشیی ئابووری دەبنەوە

خەڵکی کوردستان ساڵانێکە سەرباری کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ بێبەشیی ئابووری، سەرکوتی سیاسی، بەربەستی فەرهەنگی و ئەمنیەتی بوونی کەشوهەوای ژیان بەرەورووی بوونەتەوە. بێکاری بەربڵاو، نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، گوشار بۆ سەر چالاکانی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی سەرکوتگەرانە، بەشێکن لەو ڕاستییەی کە کرێکاران و لاوانی کوردستان هەموو ڕۆژێک لەگەڵی بەرەوروون. هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی ستەمی نەتەوەیی و دەستڕاگەیشتن بە یەکسانی تەواو، مافێکی ڕەوا، دادپەروەرانە و شایستەیە و وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی دێتە ئەژمار

بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ساڵانی ڕابردوودا، لە خەباتی ژنان و لاوانەوە بگرە تا نارەزایەتی خانەنشینان، مامۆستایان و بێکاران، نیشانیان داوە کە نارەزایەتییە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا زیندوون. ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤ و سەرکوتە خوێناوییەکەی، کە کۆمەڵکوژیی بەربڵاوی خۆپیشاندەرانی لێکەوتەوە، جارێکی دیکە سرووشتی تاوانکارانەی حکوومەتی ئیسلامی ئاشکرا کرد

بەڵام ئەزموون سەلماندوویەتی کە ڕزگاری خەڵکی کوردستان نە لە ڕێگەی زلهێزە دەرەکییەکاندا تێدەپەڕێت و نە بە ڕێگەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی یان کوردستانیدا. هەروەک چۆن ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی مافی خەڵکی کوردستان و ستەملێکراوانی دیکە حاشالێدەکات، ناسیۆنالیزمی کوردستانیش بەهەمان شێوە کە خەباتەکەی لە گرێدراویی بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی سەرتاسەری ئێران جیا کردووەتەوە، هیچ ڕێگەیەک بەرەو ئازادی ڕاستەقینە ناکاتەوە. هەر دوو ئاراستەکە هەوڵ دەدەن ناکۆکی سەرەکیی کۆمەڵگە، واتە کەلێنی نێوان کار و سەرمایە، پەراوێز بخەن

هەروەها هاوکاری و ئومێدبەستنی هەندێک ڕەوتی ناسیۆنالیستی کورد بە ئەمریکا و ئیسرائیل، نەک هەر هیچ یارمەتییەک بە ڕزگاری کۆمەڵگای کوردستان ناکات، بەڵکوو




دەتوانێت زیان بە خەباتی کرێکاری و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت و سیمای ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی ئەم خەباتانە تێک بدات. لەقاودان و ڕیسواکردنی ئەم ئاراستە کۆنەپەرستانەیە و بەهێزکردنی جەمسەری چەپ و سۆسیالیستی لە کوردستان، ئەرکێکی گرنگە لەسەر شانی کرێکارانی هۆشیار و هێزە پێشڕەوەکان

تاکە ڕێگەی ڕزگاریی خەڵکی کوردستان، گرێدانی چارەنووسی خۆیەتی بە خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرتاسەری ئێرانەوە. کرێکاری کورد، فارس، عەرەب، بەلوچ، تورک و تورکمان، هەموویان بەرەورووی سیستمێکن کە لەسەر بنەمای چەوسانەوە، هەڵاواردن، سەرکوت و نایەکسانی دامەزراوە. دەردی هاوبەشی ئەوان هەژاری، بێکاری، حەقدەستی کەم، نائارامی پیشەیی و نەبوونی ئازادییە و وەڵامی ئەم دەردە هاوبەشەش، هاوپشتیی چینایەتی و خەباتی هاوبەشە

کرێکارانی کوردستان لە دەیەکانی ڕابردوودا دەورێکی گرنگیان لە مانگرتن و خەباتە کۆمەڵایەتییەکاندا گێڕاوە و ئەمڕۆش دەتوانن هێزێکی پێشڕەو بن لە پەرەپێدانی هاوپشتیی سەرتاسەریدا. گرێدانی خەباتی خەڵکی سنە، سەقز، مەریوان، مەهاباد و کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان بە نارەزایەتی کرێکاران لە تاران، ئەهواز، تەورێز، ئەراک و شارەکانی دیکە، ڕێگەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێزەکان لە قازانجی خەڵک

ئەم ڕێگەیە تەنیا بە گرێدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە لە ئاستی سەرتاسەریدا دەگاتە ئەنجام؛ گرێدان بە بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، خانەنشینان، بێکاران، خەباتی دژی لەسێدارەدان و سەرجەم ئەو هێزانەی کە دژی هەڵاواردن و سەرکوت تێدەکۆشن. یەکگرتوویی ئەم خەباتانە دەتوانێت زەمینەسازی ئەڵتەرناتیڤێکی جەماوەری، ئازاد و یەکسان بێت

لە هەلومەرجی جەنگیی ئێستادا، لە گرنگترین ئەرکە دەستبەجێیەکانی ئێمە و بزووتنەوەی کرێکاری، پێکهێنانی هاوپشتیی بەربڵاو، دامەزراندنی شوراکانی هاوکاری و هەرەوەزی، ڕێکخستنی یارمەتی و پشتیوانیی هاوبەش و هەوڵدانە بۆ پاراستنی هیوا لە نێو خەڵکدا. لە وەها دۆخێکدا، پاراستنی ورە و هاوپشتیی چینایەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەهێزکردنی هەرەوەزی و هاوکاریی بەکۆمەڵ و ئامادەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرچەشنە سیناریۆیەکی ڕەش و دژەجەماوەری، دەبێت بخرێتە چەقی سەرنجی هێزە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکانەوە

یەکی ئایاری ئەمساڵ دەبێت ڕۆژی نارەزایەتی بێت دژی هەژاری، شەڕ، سەرکوت، لەسێدارەدان، بێکاری، ستەمی نەتەوەیی و نایەکسانی؛ ڕۆژێک بێت بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کرێکاران تەنیا قوربانییەکانی ئەم قەیرانانە نین، بەڵکوو دەتوانن هێزی سەرەکیی بونیادنانی داهاتوویەکی باشتر بن

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، بانگەواز لە سەرجەم کرێکاران، ژنان، لاوان، خانەنشینان، بێکاران و مرۆڤە ئازادیخوازەکانی کوردستان دەکات کە بە هەر شێوەیەکی گونجاو، ڕێوڕەسم و بەرنامەکانی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەڕێوە ببەن و دەنگی نارەزایەتی و هاوپشتیی خۆیان بەرزتر بکەنەوە

**بژی یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتیی جیهانیی کرێکاران**

**بژی هاوپشتیی کرێکارانی کوردستان و سەرتاسەری ئێران**

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری**

گوڵانی ١٤٠٥

❊❊❊

# ڕاگەیاندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان
# بە بۆنەی ڕۆژی کرێکارەوە؛
# بووژانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری پاش شەڕ

لە سەروبەندی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی کرێکاردایین. ئەگەر ساڵی بزووتنەوەی کرێکاری بە مەودای نێوان دوو ڕۆژی کرێکار دابنێین، نەک ساڵی ڕۆژژمێری کە لە جیهاندا وەک یەک نییە، ئەوا سەدان ملیۆن کرێکار لە سەرتاسەری جیهاندا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو هەژارتر و دەستکورتتر بوونەتەوە. شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی و داخرانی گەرووی هورمز، سەرەڕای شوێنەوارە نێگاتیڤەکانی لەسەر ئابووری جیهانی و بەرزبوونەوەی نرخی وزە و دەرهاویشتە بەربڵاوەکانی لەسەر گرانبوونی کاڵاکانی دیکە، قورساییەکی زیاتری خستووەتە سەر کاریگەرییەماڵوێرانکەرەکانی قەیرانی ئابووریی جیهانی لەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنان کرێکار

ئێستا پێش ڕۆژی کرێکار، ئێمە لە نێوان دڵەڕاوکێ و هیوای وەستان یان درێژەکێشانی شەڕداین. درێژەکێشانی شەڕ و بەرزبوونەوەی نرخی وزە، سەرباری گرانی گشتی، لە هەندێک کەرتدا دەبێتە هۆی داخرانی کارگەکان و دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران. ئەگەرچی بەشێکی بچووک لە کرێکارانی جیهان کە لە ڕیزەکانی خۆیاندا ڕێکخراون زیانی کەمتر دەبینن، بەڵام ملیۆنان کرێکار لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا کە بێبەشن لە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان، زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێت

لە ئێراندا، چینی کرێکار زۆرترین زەبر و زیانی ئەم شەڕەی بەرکەوتووە. لە خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی لە مانگی بەفرانباری ١٤٠٤دا، بۆ یەکەمین جار نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا نەک هەر ڕانەوەستان، بەڵکوو بۆ پشتیوانی لێی، ڕاگەیاندراویشیان بڵاو کردەوە. زۆر بەڵگە هەبوون کە پاش ڕاپەڕینی بەفرانباری ٩٦، بۆ یەکەمین جار خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام خەریک بوو لەگەڵ مانگرتنە کرێکارییەکان یەکبگرنەوە و بزووتنەوەیەکی بەربڵاو لە شەقام و کارگەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی پێکبێت؛ شتێک کە تەواو دژ بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی نەتانیاهو، ترامپ و ڕەزا پەهلەوی بوو. بانگەوازەکەی ڕەزا پەهلەوی و بەڵێنی "یارمەتی لە ڕێگەیە"ی ترامپ، یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بوو تاوەکوو لە ڕێگەی کۆمەڵکوژیی چەندین هەزار کەس لە جەماوەری ناڕازی، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی بەفرانباری ١٤٠٤ سەرکوت بکات. سەرکوت و کۆمەڵکوژییەک کە بەرژەوەندی هاوبەشی چینایەتی هەموویانی تێدا بوو

لە شەڕە ٤٠ ڕۆژییەکەدا، ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر پیشەسازییەکانی ئێران، دەیان کرێکاریان لە کاتی کارکردندا کوشت و هەزاران کەسیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستە ڕیزی لەشکری بێکارانەوە؛ ئەویش لە وڵاتێکدا کە بیمەی بێکاری گونجاوی نییە و کرێکارانی گرێبەستی کاتی و سپی ئیمزا ناگرێتەوە. شەڕ، ڕێکخستنی نارەزایەتی بێکارانی زیاتر لە جاران کردووەتە پێویستییەکی هەنووکەیی. بە قۆستنەوەی دەرهاویشتەکانی شەڕ لە قازانجی خاوەنسەرمایەکان و خاوەنکارەکان، ئەوان پاش ٣٣ ساڵ، کەمترین کرێی ساڵانەیان بێ هیچ ڕێگرییەک گەیاندە نزیکەی ٢٢ ملیۆن تمەن؛ لە کاتێکدا پێش شەڕ، مۆرە و بەکرێگیراوانی ڕژێم بۆ کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییە کرێکارییەکان باسیان لە بڕی حەفتا ملیۆن تمەن دەکرد. بە وێرانکردنی پیشەسازییە گەورەکان کە ڕەزا پەهلەوی و فاشیستە پاشایەتیخوازەکان بە هەڵپەڕکێ و شادمانییەوە بەرگرییان لێ دەکرد، چینی کرێکاری ئێران لە زۆرێک لە دەرفەتە نارەزایەتییەکان لە پیشەسازییە گرنگەکان و ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دژی تەواوەتیی چینی سەرمایەدار، لەوانە لیبراڵ، ئیسلامی و پاشایەتیخواز، بێبەش کرا

وێرانکاری و زەبر و زیانەکانی شەڕ، قەیرانی ئابووری و گەندەڵی پێکهاتەیی کە ژێرخانی نارەزایەتی، ڕاپەڕین و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان دژی کۆلیەتی ڕژێمی حاکم بووە، قووڵتر و توندتر کردووەتەوە. بزووتنەوەی کرێکاری ئێران خۆی بۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی پاش شەڕ ئامادە دەکات تاوەکوو کاریگەرتر لە جاران بۆ یەکڕیزی، پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و حزبییەکانی خۆی تێبکۆشێت و خەباتی خۆی بۆ وەدیهێنانی داواکارییەکانی و بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمی شۆرایی دڵخوازی خۆی درێژە بدات

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران شانبەشانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی، ڕۆژی کرێکاری ئەمساڵ بە ڕۆژی جیهانیی دژایەتیکردنی شەڕی کۆنەپەرستانە و بە ڕۆژی پێداگری و ئیرادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرهاویشتەکانی شەڕ لەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنان کرێکار لە سەرتاسەری جیهاندا دەزانێت

**بژی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران**

**بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٣٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٥ - ١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٦

واژۆکان:

ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئاگربەستی دوو هەفتەیی

لە هەلومەرجێکدا کە تەنیا چەند کاتژمێرێک پێش کۆتاییهاتنی ئەو مۆڵەتەی دۆناڵد ترامپ بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز دیاری کردبوو، خەڵکی ئێران چاوەڕوانی قۆناغێکی نوێ لە هێرشی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ژێرخانە ئابوورییەکان، هێڵی ئاسن، پرد و ڕێگاوبانەکان، زانکۆ و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بوون؛ لە کاتێکدا ترامپ شێتانە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر ئێران تا کاتژمێر ٨ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا مەرجەکانی واشینگتۆن پەسەند نەکات، شارستانییەتێک لەسەر ڕووی زەوی دەسڕێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئێوارەی سێشەممە ٧ی ئاپریلی ٢٠٢٦، بەڕواڵەت وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاریی سەرۆکوەزیرانی پاکستان و بەو مەرجەی کە کۆماری ئیسلامی بە ئاگربەستێکی دوو هەفتەیی پابەند بێت و گەرووی هورمز بکاتەوە، ڕایگەیاند کە شەڕ بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕادەگرێت. ترامپ، ئەم کەسە درۆزن و بێتوانایە لە ڕووی مێژووییەوە، کە لەبەرچاوی ڕای گشتی بەو شیوە شیتانە هەڕەشەی دەکرد، لە پشت پەردەوە ئاگاداری بەرەوپێشچوونی دانوستانەکان بۆ ئاگربەست و کردنەوەی گەرووی هورمز بوو. ناوبراو تا ڕەوتی دیپلۆماسی زیاتر دەچووە پێش، هەڕەشەکانیشی توندتر دەکردەوە، بۆ ئەوەی ئەم پێشهاتە وەک نیشانەی هێز و توانای سەربازی و سەرکەوتنی ئەمریکا نیشان بدات. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە بە چاوی سووکایەتییەوە دەیڕوانییە هۆشداریی یاساناسان، بەرپرسانی نێودەوڵەتی و تەنانەت ڕای گشتیی ئەمریکاش سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگی

بەڵام لەپشت ئەم بانگەشە و خۆبەزلزانییەوە ئەوەی کە ڕاستییە، ئەو شەڕە چل ڕۆژەیە بوو کە بڕیار بوو خۆسەپێنیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و تاکڕەویی ترامپ لەسەر ئاستی جیهان نمایش بکات، کەچی زیاتر لاوازی، سنووورداربوون و سەرلێشێواویی ستراتیژی ئەمریکای دەرخست. هەڵگیرساندنی شەڕێکی وێرانکەر و تێچوودار لەسەر ئەو خەیاڵ و وەهمەی گوایە بە کوشتنی خامنەیی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی هەرەس دەهێنێت، شۆکبوون لە بەرامبەر داخستنی گەرووی هورمز کە کاریگەری لەسەر تەواوی بازاڕی نەوت و گازی جیهان دانا، هاوڕێنەبوونی ئەورووپا و ناتۆ لەگەڵ ئەم شەڕەدا و هتد... هەموو ئەمانە نیشاندەری شکستخواردنی ستراتیژیی ئەمریکان لەم شەڕەدا. ئەم شەڕە وەک قۆناغێکی تری ڕەوتی داتەپین و داڕمانی ئیمپراتۆری و هەژموونی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، لە مێژوودا تۆمار دەکرێت

دەوڵەتی ئیسرائیل هەرچەندە لە گەیشتن بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی، واتە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە بان سەری خەڵکەوە، لەسەر تەخت دانانی ڕەزا پەهلەوی و داڕشتنی ئەو نەزمە ناوچەییەی کە مەبەستی بوو، ناکام مایەوە، بەڵام جارێکی تر هێزی بێوێنەی سەربازی خۆی بەسەر ڕکابەرەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەپاند. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، کە ئەم شەڕە بۆی شەڕی

مان و نەمان بوو، وە ئامانجی سیاسی خۆی لەم شەڕەدا بە پاراستن و مانەوەی نیزامی ئیسلامی پێناسە کردبوو، بێگومان ئەم ئاگربەستە و کۆتاییهاتنی ئەگەری شەڕەکە بە واتای سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی خۆی بەگوێی جیهاندا دەدات. بەڵام لەپشت ئەم بانگەشانەوە، دەرئەنجامی کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی خۆپیشاندەران لە ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی مانگی بەفرانبار و ئەو گورز و برینە قورسانەی ئەم شەڕە خستوویەتییە سەر جەستەی کۆماری ئیسلامی، هێندە قووڵن کە سەرەنجام کۆماری ئیسلامی لەپێ دەخەن. لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و ئەو زیانانەی بەر کۆماری ئیسلامی کەوتوون، قەیرانی ناوخۆیی ڕژیم توندتر دەکەنەوە و بگرە لەوانەیە ببێتە هۆی پاکتاوکردنی خوێناوی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە. ڕژیمێک کە ئابوورییەکەی لەژێر گوشاری قووڵبوونەوەی قەیرانی پێکهاتەیی، گەندەڵی دامەزراوەیی و گەمارۆکاندا لە لێواری دارماندا بوو، ئەمجارە دەکەوێتە ژێر باری تێچووە قورسەکانی ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی شەڕیش. ئەم ڕژیمە کە پێش شەڕیش ڕووبەڕووی دەریایەک لە ڕق و قین و تووڕەیی و نارەزایەتی گشتی ببووەوە، بەهۆی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر کار و ژیان و بژێویی خەڵک، درز و کەلێنی نێوانی لەگەڵ خەڵکدا قووڵتر دەبێتەوە و قەیرانی ڕەوایەتیی سیاسییەکەی زیاتر پەرە دەستێنێت. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژییە ناوچەییەکانی و سەرکێشی و دەستوەردانەکانی لە چەقی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم شەڕە وێرانکەرە دەزانن

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و بەپێچەوانەی خەون و خەیاڵی پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و هێزەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی کە ستایشی شەڕ و بۆردومانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلیان دەکرد و هاواریان دەکرد کە خەڵکی ئێران خوازیاری بەردەوامبوونی شەڕن، ئەم ئاگربەستە دوو هەفتەییە دەستکەوتێکە بۆ بزووتنەوەی دژەجەنگ و بۆ خەڵکی ئێران. ئەو کەمینە بێئومێد و وەڕووخاوەی خەڵک، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی میدیا ئیمپریالیستییەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواییەکان و ئومێدیان بە ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان و بەردەوامبوونی بۆردومانەکانەوە هەڵچنیبوو، پێویستە لەم شەڕەوە ئەو وانەیە فێر بن کە کۆماری ئیسلامی نە لە ڕێگەی دەستوەردانی دەرەکی و نە لە ڕێگەی ئاسمانەوە، بەڵکوو تەنیا بە هێزی ڕێکخراوی کۆمەڵانی خەڵک دەڕووخێت

زۆرینەی کرێکاران و خەڵکی ئێران کە لەژێر بۆردومانەکاندا ژێرخانەکانی کار و ژیانیان خاپوور دەکرا و بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕەکە ساتژمێرییان دەکرد، ئەم ئاگربەستە بە دەستکەوتێک بۆ خۆیان و بۆ بزووتنەوەی دژەجەنگ دەزانن. بەڵام ئاگربەستی دوو هەفتەیی بە واتای کۆتاییهاتنی شەڕ و سەقامگیربوونی ئاشتی نییە. ئەم ئاگربەستە هێشتا لاواز و لەرزۆکە. لەبەر ئەوەی هەم دەوڵەتی ترامپ و هەم ڕژیمی کۆماری ئیسلامی مەرجگەلێکیان بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری شەڕ گەڵاڵە کردووە کە لەگەڵ هاوسەنگی ڕاستەقینەی هێز لە گۆڕەپانی شەڕدا یەکناگرێتەوە، ئەگەری زۆرە کە پێداگری هەر کام لە لایەنەکان لەسەر مەرجەکانیان، ببێتە هۆی هەڵگیرسانەوەی گڕی شەڕەکە

هەر بۆیەش، ئاگربەست بە واتای کۆتاییهاتنی کارەساتەکە نییە. بۆ کرێکاران و خەڵکی ئێران کە لەژێر مەنگەنەی پەرەسەندنی سەرکوت، لەگەڵ گوشاری بێوێنەی بێکاری، گرانی بێسنوور و هەژاری و نەهامەتی ئابووریدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن، شەڕ بۆ مانەوە، شەڕ بۆ ژیان و ئازادی هەر بەردەوامە. بێگومان کۆماری ئیسلامی، کە لە پێکهاتەکەیدا سوپای پاسداران بە ڕوانگەیەکی فاشیستییەوە پێشەنگی گۆڕەپانەکەیە، بە قۆستنەوەی هەلومەرجی پاش شەڕ، کەشی کۆمەڵگا ئەمنییەتیتر دەکات و سەرکوتگەرییەکان توندتر دەکاتەوە و بەشێک لە تێچووی وێرانکاریی شەڕ بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت. بەڵام کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەرامبەر هێرشی حکوومەتی سوپای پاسداراندا دەستەوەستان نابن. ڕاستە کە ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی پەراوێز خست و ئەم بزووتنەوانە چوونە ژێر خۆڵەمێشی شەڕەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوانە دانەمرکاونەتەوە؛ پێویستیان بە دەرفەتێک هەیە بۆ ئەوەی لەژێر باری ماندوویەتی و شەکەتیی شەڕەکەدا پشتیان ڕاست بکەنەوە و دووبارە بڵێسەکانیان بگەشێتەوە. ئەم بزووتنەوانە بە هێزێکی نوێوە دەگەڕێنەوە بۆ مەیدان

پێویستە کرێکاران، کۆمەڵانی خەڵک و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەزموونی ڕاپەڕینە جەماوەری و سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، ئەم سێ وانە بنەڕەتییە فێر بن: یەکەم؛ زیاتر لە هەر کاتێک بڕوایان بە هێزی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی خۆیان هەبێت، هەر ئەم هێزەی ئەوان بووە کە خەباتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە و ئەم ڕژیمە تاوانکارەی نیوەگیان کردووە. دووهەم؛ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پێکهاتەیەی کە هەیەتی، بە نارەزایەتییە خۆڕسکەکان و ڕاپەڕینە بێڕێکخراوەکان ناڕووخێت، بەڵکوو دەبێت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی، واتە ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆی، پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری و وێنەیەکی ڕوون لە واتای سەرکەوتن دابین بکات. سێیەم؛ ئەم ئەزموونانە جارێکی تریش ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئامادەیی ڕێکخراوی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگادا، و گرنگیی گرێدانی کارخانە و شەقام بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی دەسەلمێنن، بۆیە پێویستە لەم پێناوەدا هەوڵەکانمان فراوانتر بکەین و یەکیان بخەین

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، یەکسانی، دەسەڵاتی کرێکاری**

**بژی سۆسیالیزم**

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥

٨ی ئاپریلی ٢٠٢٦

❊❊❊

# شەڕ کۆماری ئیسلامیی نەڕووخاند بەڵام زیانە قورسەکانی بەسەر خەڵک و خەباتەکەیاندا سەپا

لە کاتێکدا نیشانەکان باس لە پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی دەکەن لە بەرامبەر خواستەکانی دەوڵەتی ئەمریکادا، گوتەبێژی کۆشکی سپی دانوستانەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە دانوستانێکی "بنیاتنەر" بۆ ئەمریکا وەسف کرد و سەبارەت بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لە خولی داهاتووی دانوستانەکاندا گەشبینیی خۆی دەربڕی. ئەم هەڵسەنگاندنە لە کاتێکدایە کە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی خاکەلێوە، وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد کە لە درێژەی گەمارۆکانی پێشوودا، ١٧ ناوەند، ٩ کەشتی و ٣ کەسی دیکەی لە مۆرە و دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی خستووەتە لیستی گەمارۆکانەوە. وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا، ئەم گەمارۆیانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی بەناو «گۆپاڵ و گێزەر»ی ئەمریکا دژ بە تێرۆریزم ناو بردووە

ئەم هەنگاوەی ئەمریکا و گەمارۆی دەریایی گەرووی هورمز، بەدوای شکستی خولی یەکەمی دانوستانەکانی حەفتەی ڕابردووی ئیسلام‌ئاباد و بە ئامانجی توندکردنەوەی گوشاری زیاتر بۆ سەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکانی پێشوودا ئەنجام دەدرێن. بەتایبەت کە ترامپ ڕایگەیاندووە هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەستە دوو هەفتەییەکە کە لە ڕۆژی ٢ی گوڵاندا کۆتایی دێت. ئەو ڕایگەیاندووە کە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو لە پێشینەدایە. بۆیە پێدەچێت خولی دووەمی دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەم زووانە دەست پێبکاتەوە، کە تێیدا گفتوگۆ دەکرێت لەسەر خواستەکانی وەک: کرانەوەی گەرووی هورمز، دەستبەرداربوونی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامە ناوکییەکەی، ڕادەستکردنی یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەرووی ٦٠٪، کەمکردنەوەی مەودای مووشەکەکانی و پاڵپشتینەکردنی گرووپە تێرۆریستییە ئیسلامییەکان. ئاژانسی «تەسنیم»ی سەر بە سوپای پاسداران بە پشتڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە ڕایگەیاند کە «زیادەڕەوییەکانی ئەمریکا لە خواستەکانیدا، بووەتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە ڕێککەوتن». سەرباری ئەمەش، کۆماری ئیسلامی هیچ چارەیەکی نییە جگە لە پاشەکشە. ئێستا ئەمریکا بەکردەوە ئێرانی خستووەتە ژێر گەمارۆی دەریاییەوە و بەردەوامە لە چڕکردنەوەی هێزەکانی لە ناوچەی کەنداو. گەمارۆی دەریایی ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا ناتوانێت گەرووی هورمز بۆ هاتوچۆی کەشتییەکان ئارام بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت هەناردەکردن بەگشتی و هەناردەی نەوتی ئێران و هاوردەکردن بەتایبەتی ئیفلیج بکات و، کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی قەیران و تەنگژەی ئابووریی قووڵتر بکاتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی وۆڵستریت جۆرناڵ، لە ڕۆژانی داهاتوودا کەشتییەکی دیکەی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی بە ٦ هەزار هێزی سەربازییەوە بە هێزەکانی ئێستای ناو کەنداو پەیوەست دەبێت. ئەم چڕکردنەوەیە لە هێزی پڕتێچوو، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەمریکا بەم زووانە ناوچە ستراتیژییەکەی کەنداو جێناهێڵێت

بێگومـان کۆتاییهاتنـی یەکجاریـی ئـەم شـەڕە ئیمپریالیسـتی و کۆنەپەرسـتانەیە، خواسـتی جەمـاوەری ئێـران و ناوچەکەیـە؛ شـەڕێک کـە زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کـوژراوی لـە ئێـران و لوبنـان لـێ کەوتـەوە و بـووە هـۆی وێرانبـوون و لەناوچوونـی هـەزاران ناوەنـد و دامـەزراوەی مەدەنـی لـە تۆڕەکانـی ژێرخانـی خزمەتگـوزاری و ئابـووری، لەوانـە: قوتابخانـە، زانکـۆ، ناوەنـدە دەرمانییـەکان، تۆڕەکانـی ئـاو و کارەبـا، گواسـتنەوە، کۆمەڵگـە پێترۆکیمیاییـەکان، کارگەکانـی پـۆڵا، بەنـدەر و پاڵاوگـەکان، ناوچـە نیشـتەجێبوونەکان و هتـد. ئـەم شـەڕە، قەیـران و داڕمانـی ئابووریـی کۆمـاری ئیسلامـی چەنـد هێنـدە نالەبارتـر و قـووڵتر کردووەتـەوە. ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی کـە یەکێـک لـە پایەکانـی ئـەم شـەڕە کۆنەپەرسـتانەیە، بـاری قورسـی ئـەم خەسـارەت و مایەپووچییـەش دەخاتـە سـەر سـفرەی بەتاڵـی کرێـکاران و جەمـاوەری زەحمەتکێـش. ڕژێمێـک کـە پێشتریـش تێچـووی قورسـی دروسـتکردنی ناوەنـدە ناوکییـەکان، کۆگاکانـی چەکـی مووشـەکی و درۆنـی، هێـزی دەریایـی و دابینکردنـی خەرجـی هێزەکانـی بەنـاو «میحـوەری موقاوەمـەت»ی، بـە نرخـی هـەژاری و نەهامەتـی ئابـووری و هەرزانکردنـی هێـزی کار بەسـەر چینـی کرێـکار و خەڵکـی ئێرانـدا سـەپاندووە

میدیاکانـی حکوومـەت دان بـەوەدا دەنێـن کـە لـە ڕەوتـی ئـەم شـەڕە چـل ڕۆژەیـەدا، ٢٠ هـەزار مووشـەک و بۆمبـی ئیسرائیـل و ئەمریـکا ناوەنـدە سـەربازی و بینـا حکوومییەکانیـان کردووەتـە ئامانـج و هـەزاران ئامانجـی دیکـە کـە کارگـە، هێڵـی ئاسـن و بەنـدەرەکان لەخـۆ دەگـرن، بۆردومـان کـراون. شـارەزایانی ئابـووری تێچـووی ئاوەدانکردنـەوەی ئـەم وێرانییانـە بـە ٢٧٠ ملیـارد دۆلار دەخەملێنـن. ڕۆژنامـەی وۆڵستریـت جۆرنـاڵ لـە ڕاپۆرتێـکدا نووسـیویەتی کـە هیـچ یـەک لـە هێرشـە مووشـەکی و درۆنییـەکان و بۆردومانـە ئاسمانییەکانـی ئیسرائیـل و ئەمریـکا لـە نـاو ئێرانـدا بێئامانـج نەبـوون و، ناوەنـدە پیشەسـازی و ژێرخانـە کۆمەڵایەتییەکانیـان پێـکاوە. بەپێـی خەملاندنـی شـارەزایانی ئابـووری، وێرانبـوون و لەناوچوونـی ناوەنـدە پیشەسـازییەکان بـە واتـای لەناوچوونـی ملیۆنـان هەلـی کارە کە بێکارییەکـی بەربڵاوی لـێ دەکەوێتـەوە. هەروەهـا پچڕانـی ٥٠ ڕۆژەی ئینتەرنێـت لەلایـەن ڕژێمـی ئیسلامییـەوە، سـەرباری پچڕانـی پەیوەندیـی خەڵکـی سەرتاسـەری ئێـران بـە یـەکتر و بـە دەرەوەی وڵاتـەوە، بـووە هـۆی لەکارکەوتـن و داخرانـی دەیـان هـەزار پیشـە و کار، و ژیـان و بژێـوی هـەزاران بنەماڵـەی خستـە مەترسـییەوە. سـەرباری ئەمـەش، لەبـەر ئـەوەی ڕژێمـی ئیسلامـی تـا ئێسـتا نەڕووخـاوە، ئیدیعـا دەکات کـە لـەم شـەڕەدا سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە

ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی وەک لایەنێکـی ئـەم شـەڕە، خـۆی شـەریکە لـە تاوانەکانـی دەوڵەتـە فاشیسـتەکانی ئەمریـکا و ئیسرائیـل لـە سـەپاندنی ئـەم هەمـوو خەسـارەت و زیانـە ماڵـی و گیانییانـە، کـە ئاسـەوارە وێرانکەرەکانـی تـا دەیـان ساڵی دیکـە بەسـەر ژیـان و بژێـوی کرێـکاران و جەمـاوەری زەحمەتکێشـی کۆمەڵگـەی ئێرانـەوە دەمێنێتـەوە. ئـەم دۆخـە نەگبەتبـارە، بەرهەمـی سیاسـەتی گەمژانـەی کۆمـاری ئیسلامییـە لـە مـاوەی زیاتـر لـە چـوار دەیـەی ڕابـردوودا. ئـەو سیاسـەتانەی کـە بوونەتـە هـۆی کوژرانـی دەیـان هـەزار کـەس لـە خەڵکـی ئێـران و ناوچەکـە

کۆمـاری ئیسلامـی دەتوانێـت لـە بەرامبـەر خواسـتەکانی ئەمریـکادا پاشەکشـە بـکات و بـە هەراوهوریـای تەبلیغاتـی، ئـەم سازشـە وەک سـەرکەوتنێکی قارەمانانـە بـە گوێـی خەڵکـدا بـدات؛ بـەڵام لـە شـەپۆلی پەرەسـەندووی بزووتنـەوەی کرێـکاری و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتـی و ناڕەزایەتییەکانـی دیکـە پارێـزراو نابێـت. ئـەم شـەڕە کۆنەپەرسـتانە و تاوانکارانەیـە بـووە هـۆی پاشەکشـەی کاتـی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئێـران. بـە کۆتاییهاتنـی یەکجاریـی ئـەم شـەڕە، ئـەم بزووتنـەوە کۆمەڵایەتـی و ناڕەزایەتییانـە قۆناغـی ماندوویەتـی و شـەکەتیی دەرهاویشـتەی شـەڕ تێدەپەڕێنـن و دووبـارە دەگەڕێنـەوە مەیـدان. ئـەم شـەڕە جارێکـی تـر سـەلماندی کـە ئـازادی و خۆشـگوزەرانیی خەڵکـی ئێـران لـە ڕێگـەی دەسـتتێوەردانی زلهێـزە ئیمپریالیسـتییەکان و لـە ڕێگـەی بۆردومـان و لـە ئاسمانـەوە نایەتـە دی. ئـازادی، یەکسـانی و خۆشـگوزەرانی کرێـکاران و خەڵکـی ئێـران تەنیـا بـە دەسـتی خۆیـان و بـە هێـزی خۆیـان مسـۆگەر دەبێـت

ڕاپەڕینـە جەمـاوەری و سەرتاسـەرییەکانی هەشـت سـاڵی ڕابـردووش نیشـانیان دا کـە کۆمـاری ئیسلامـی بـەو پێکهاتەیـەی کـە هەیەتـی، بـە ناڕەزایەتییـە خۆڕسـکەکانی سـەر شـەقام و ڕاپەڕینـە نارێکخـراوەکان ناڕووخێـت؛ بۆیـە دەبێـت هۆشـیارانە وبـە بەرنامـە وپلان، پێداویسـتییەکانی ڕووخانـی کۆمـاری ئیسلامی دابیـن بکرێـن. خۆڕێکخسـتن، پێکهێنانـی ڕێبەرایەتییەکـی سەرتاسـەری و هەبوونـی وێنایەکـی ڕوون لـەوەی کـە چیمان دەوێـت، ڕمـزی پێشـڕەوی و سـەرکەوتنی خەباتـە بـۆ ڕووخاندنـی کۆمـاری ئیسلامـی. ئامادەیـی ڕێکخراوەیـی چینـی کرێـکار لـە گۆڕەپانـی سیاسـیدا، بەشـێکە لـەم پێداویسـتییانە

❊❊❊



# لێکەوتەکانی شەڕ لەسەر کار، ژیان و بژێوی کرێکاران



ڕاپۆرتـەکان سـەبارەت بـە لێکەوتەکانـی شـەڕ لەسـەر دۆخـی کار، ژیـان و بژێویـی کرێـکاران لـە ئێـران، وێنەیەکـی چڕوپڕ لـە لۆژیکـی سـەرمایەداری لـە سـاتی شـەڕ و قووڵبوونـەوەی قەیرانەکـەدا دەخەنـە ڕوو. ئەوەی لـە ڕواڵەتـدا وەک «زیانگەیشتن بـە یەکەکانـی بەرهەمهێنـان بەهـۆی بۆردومانەکانـەوە»، «پەرەسـەندنی بێـکاری» و «نەبوونـی پشـتیوانی لـە کرێـکاران» باسـی لێـوە دەکرێـت، لـە ئاسـتێکی قـووڵتردا نیشـانی دەدات کـە چـۆن شـەڕ قورستریـن گـورز لـەو چینـە دەوەشـێنێت کـە هیـچ ڕۆڵێکـی لـە بڕیـاردان لەشـەردا نییـە، بـەڵام باجەکـەی بـە گیـان، بژێـوی و داهاتـووی خـۆی دەدات. بـۆ نموونـە، بۆردومانکردنـی کۆمەڵگـەی بەرهەمهێنانـی پـۆڵا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی پیشەسازییەکانی ئۆتۆمبێلسـازی، پارچەسـازی، کەلوپەلـی ناومـاڵ یـان پـڕۆژە ئاوەدانییـەکان کـە پشتبەسـتوون بـە پـەڕەی پـۆڵای ئـەم کارگەیـە، بـەرەوڕووی کەمبوونـی کەرەسـتەی خـاو و دابەزینـی ئاسـتی بەرهەمهێنـان ببنـەوە. ئـەم تێکچوونـە زنجیرەییـە کـە لـە دامەزراوەیەکـەوە بـۆ دامەزراوەیەکـی تـر دەگوازرێتـەوە، ڕاسـتەوخۆ ئاسایشـی کاری کرێـکاران دەخاتـە مەترسـییەوە. یـان کاتێـک کـە ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی هێڵـی ئینتەرنێـت دەپچڕێنێـت، لـە سـەردەمێکدا کـە ئینتەرنێـت وەک ژێرخانێکـی ئابـووری هەژمـار دەکرێـت، پچڕاندنـی، کاریگـەری لەسـەر کارکـردی کەرتـە جیاوازەکانـی ئابـووری دادەنێـت و گەلێـک کار و کەسـابەت لەنـاو دەبـات. واتـە دەیـان هـەزار بنەماڵـە سـەرچاوەی داهاتـی خۆیـان لەدەسـت دەدەن. لـەم سـۆنگەیەوە، شـەڕ دیاردەیەکـی دەرەکـی نییـە لـەدەرەوەی پەیوەندییـە چینایەتییـەکان، بەڵکـوو درێژکـراوەی سیاسـەتی چینـە دەسـەڵاتدارەکانە بـە ئامـرازی وێرانکـەر؛ سیاسـەتێک کـە تێیـدا جەسـتە، مـاڵ، کار و نانـی کرێـکار دەبێتـە گۆڕەپانـی سـەرەکیی وێرانـکاری. سـەرمایەداری کـە لـە هـەر هەلومەرجێکـدا لەسـەر بنەمـای چەوسـاندنەوەی هێـزی کار و دەستبەسـەرداگرتنی زێدەبایـی (یـان ئەرزشـی ئیزافـی) دامـەزراوە، لـە دۆخـی شـەڕدا ئـەم میکانیزمـەی زۆر ڕووتتر و دڕندانەتـر کار دەکات

شـەڕ تەنیـا پڕۆسـەی بەرهەمهێنـان پـەک ناخـات، بەڵکـوو بـە وێرانکردنـی پـرد، هێڵـی ئاسـن، نەخۆشـخانە، زانکـۆ و قوتابخانـە



و پچڕاندنی ئینتەرنێت، بناغە کۆمەڵایەتییەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانیش تێکدەشکێنێت. وێرانبوون یان داخرانی کارگەیەک تەنیا بە واتای ڕاوەستانی یەکەیەکی بەرهەمهێنان نییە؛ بەڵکوو پەککەوتنی تۆڕێکە لە بژێوی، کارامەیی، شوناس و گرێدراوییە کۆمەڵایەتییەکان. بێبەشبوون لە کار، تەنیا لە لەدەستدانی داهاتدا سنووردار نابێتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی دابەزین و کەوتن لەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕێگەیەوە دەرفەتی ڕێکخستنی ژیان فەراهەم دەبوو. هەر بۆیە، پەرەسەندنی بێکاری لە بارودۆخی شەڕدا، فۆرمێکە لە پەراوێزخستنی پێکهاتەیی کە تێیدا هێزی کار دەگۆڕێت بۆ کاڵایەکی بێکەڵک لەنێو نەزمێکی وێرانکراودا. لەم نێوەندەدا، دابەشبوونی نەهامەتی و ئازارەکان بە هیچ شێوەیەک بێلایەنانە نییە. گێڕانەوەکانی دەزگای دەسەڵاتدار یان ناسیۆنالیستە شۆڤێنییەکان و هێزەکانی میحوەری موقاوەمەت، کە پاساو بۆ ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە دەهێننەوە لە چوارچێوەی پێداویستییە نەتەوەییەکان و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی ئیمپریالیستیدا، لە کاتێکدا لە جیهانی واقیعدا ئەم شەڕە هاوکات لە خزمەتی مانەوەی چینی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندی زلهێزە ئیمپریالیستییەکاندایە، وە لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، باجەکەی بە شێوەیەکی لاسەنگ دەکەوێتە سەر شانی بێبەشکراوان و چەوساوەکان، بەتایبەتی کرێکاران. لەدەستدانی کار، دابەزینی ئاستی حەقدەست (کرێ)، نائەمنیی خۆراک، دڵەڕاوکێی بەردەوام و داڕمانی ئاسۆی داهاتوو، لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی شەڕن بۆ سەر چینی کرێکار

هێنانەگۆڕی پرسی «نەبوونی پشتیوانی»ش لە کەموکوڕییەکی کارگێڕی واوەترە و دەبێت لە چوارچێوەی کارکردی دەوڵەتی سەرمایەداریدا بۆ هەرزانکردنی هێزی کار لێی تێبگەین. لە وەها هەلومەرجێکدا، دەوڵەت نەک وەک زامنی مافە گشتییەکان، بەڵکوو وەک ئامراز و میکانیزمێک لە خزمەتی چینی سەرمایەدار و بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە و پاراستنی نەزمی زاڵ کار دەکات. کەواتە، پاڵپشتییە ئەگەرییەکانیش زۆرجار سنووردار و دەستنیشانکراون، و بۆ ڕێگریکردن لە تەقینەوەی نارەزایەتییەکان ئەنجام دەدرێن. لە دەرەنجامدا، سیاسەتە پاڵپشتییەکان لەبری خوڵقاندنی ئاسایشێکی پایەدار، بچووک دەکرێنەوە بۆ ئامرازێکی بەڕێوەبردنی قەیران، و کرێکار نەک وەک سووژەیەکی خاوەن ماف، بەڵکوو وەک حەشیمەتێکی زیانپێکەوتوو چاوی لێ دەکرێت کە دەبێت بە شێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵ بکرێت

هاوکات، نەبوونی پاڵپشتییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیش ناکرێت وەک پرسێکی پەراوێزخراو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. شەڕ تەنیا گیان، ژیان و بژێوی ناکاتە ئامانج، بەڵکوو سەقامگیریی دەروونی، متمانە بە داهاتوو و توانای پلاندارشتنیش لەناودەبات. ئەو بنەماڵانەی ڕووبەڕووی بێکاری و نائەمنی دەبنەوە، دەکەونە بەر مەترسیی داڕمانی دەروونیی بەردەوام. دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، پچڕانی پەیوەندییەکان و شەکەتیی دەروونی، بەشێکن لە ڕەوتی گشتیی تێکشکاندنی هێزی کار وەک هێزێکی مرۆیی. لە وەها دۆخێکدا، تەنانەت کەمترین پێداویستییەکان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاریش لەناو دەچن و بازنەیەک لە بێبەشبوون و بێدەرەتانی دروست دەبێت

لەم هەلومەرجەدا، نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کار، نیشانی دەدات کە شەڕ دەتوانێت ئاسۆکانی داهاتوو دابخات. کرێکاری بێکار، تەنیا بێکار نییە؛ بەڵکوو لە توانای وێناکردنی داهاتوویەکی سەقامگیر بێبەش دەبێت. لە لۆژیکی سەرمایەداریدا، کار مەرجی بەشداری کۆمەڵایەتییە و بە سڕینەوەی، تاک دەکەوێتە دۆخی پەراوێزخرانەوە. شەڕ ئەم دۆخەی قووڵتر و توندتر کردووەتەوە، چونکە هەم ئاوەدانکردنەوە و دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان دوادەخات و هەم نادڵنیایی دەکاتە دیاردەیەکی هەمیشەیی. هاوکات، ئەم قەیرانە لاوازی و فەشەلیی قووڵی نەزمی ئێستا ئاشکرا دەکات

ئەم شەڕە چل ڕۆژەیە کە هێشتا ئاسۆی کۆتاییهاتنی ڕوون نییە، جارێکی تر ڕوخساری نەزمی سەرمایەداریی ئاشکرا کرد کە لە هەلومەرجی ئاساییشدا لەسەر بنەمای چەوساندنەوە، جیاکاری، نایەکسانی و نائارامیی کاریی کرێکاران دامەزراوە. پەرەسەندنی ڕەهەندەکانی بێکاری، نەبوونی پاڵپشتی و نەبوونی بیمەی بێکاری، لەگەڵ لەناوچوونی ئاسۆی داهاتوو، توندبوونەوەی هەمان میکانیزمن. لەم ڕووەوە، لە پاش شەڕیش دەبێت خەبات دژی بێکاری و دژی ئەو ڕەهەندانە لە هەژاری و نەهامەتییە بێوێنەیەی کە بەسەر کرێکاراندا سەپێندراوە، گرێ بدرێت بە خەبات و بە ئاسۆی خوڵقاندنی نەزمێکەوە کە تێیدا هێزی کار بە ئاسانی نەبێتە قوربانی قەیرانەکان و بڕیارە سەرمایەدارییەکان. دەربازبوون لەم بازنەیە، گرێ دراوە بە یەکگرتنی هەڵسوڕاوانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری ستراتیژێکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازانە، هەروەها خۆڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری و گەشەپێدانی ئاسۆی سۆسیالیستی

❋❋❋

## ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان

بەو پێیەی توانا و ئەرکی مێژوویی چینی سەرمایەدار و خاوەن سەروەت لە کوردستان و لە ئاکامدا حزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان، بۆ دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەمێژە کۆتایی هاتووە. هەروەک ئەزموونی هەتا ئێستا نیشانی داوە، دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و ڕیشەکێش کردنی هەڵاواردن و نابەرابەرییەکان لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە گرەوی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، بەرەی کار و زەحمەت و ئەو سۆسیالیستانەدایە کە لەسەر بەستێنی خەباتی ئەم چینە لەدژی نیزامی سەرمایەداری هەوڵ و چالاکییەکانیان درێژە دەدەن. چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ناچارە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کار و ژیانی خۆی خەبات بکات. لە جەریانی خەباتدا بە ئەزموون بۆی دەردەکەوێ کە بۆ پێشخستنی کاریگەرتری ئەم خەباتە دەبێ لە ڕێکخراوەی چینایەتی و جەماوەریی خۆیدا موتەشەکل بێت. بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوانە پێویستی بە ئازادی سیاسی و فەزای دیموکراتیکە. واتە لە عالەمی واقعدا، خەباتی کرێکار بۆ باشترکردنی کار و بارودۆخی ژیان و ئاستی مەعیشەتی، بە خەبات بۆ مسۆگەرکردنی ئازادیی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە گرێی خواردووە. واتە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بووەتە بەشێک لە مەوجوودییەت و پێویستیی چینی کرێکار

بەو پێیەی کە زۆرترین دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی دەچێتە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراو، بەو پێیەی ئەم ستەمگەرییە بەربەستێکی گەورەیە لەسەر ڕێگای یەکگرتوویی و هاوپشتیی کرێکاران لە کوردستان و هاوچینەکانیان لە باقی شوێنەکانی ئێران، چینی کرێکار خوازیاری ئەوەیە کە ئەم ستەمگەرییە بەشێوەی دیموکراتیک چارەسەر بکرێت. لەم ڕووەوە، بە هەر ئەندازەیەک کە دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی بچێتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە، بەڵام کرێکارانی هوشیاری کوردستان تەنیا بۆ خواستی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. بەڵکوو خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی لەگەڵ خەبات دژبە ستەمی چینایەتی و خەبات بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران پێکەوە پەیوەند دەدەن و بەشوێن یەکگرتوویی و هاوپشتیی چینایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکان لەئاستی سەرتاسەریدان

کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بە پشت بەستن بە ستراتێژی سۆسیالیستی، کە هێنانە مەیدان و ڕێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری بەرژەوەندی چینایەتی ئامانجی سەرەکیەتی، توانیویەتی لێبڕاوانە هەوڵی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

بۆ گۆڕینی بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستان بە حەرەکەتێکی ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتی، بەرپەرچ بداتەوە. کۆمەڵە بە پشت بەستن بەم ستراتێژییە سۆسالیستییە توانیویەتی سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی نیولیبراڵی لایەنگری ڕۆژاوا و سەڵتەنەتخوازەکان و پشت بەستنیان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری و ئامادەییان بۆ سات و سەودا کردن لەسەر بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی بێ بایەخ، بخاتە ژێر پرسیارەوە

• لەم ڕووەوە کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەروا لێبڕوانە و بە ڕوونی، بنبەست و بێتوانایی ئەحزاب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی کە ڕیشەی لە ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی کوردستان شیدەکاتەوە. ئیدیعای ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی ڕاستگۆیانە نییە و لە پشت قسەکانیان لەمبارەوە، بەرژەوەندی ئابووری و بەشخوازیی لە دەسەڵاتی سیاسی لەسەروەی ئیرادەی جەماوەر شاراوەیە

• کۆمەڵە بەردەوام لەسەر ئەو واقعییەتە تەئکید دەکات کە هێزی بزوێنەری هەر ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگا و لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی لەسەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئینسانە چەپ و ڕادیکاڵ و ئازادیخوازەکانە کە بەشێوەی عەینی لە ڕیزی خەباتی ئەم چینەدان. کۆمەڵە لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی و یەکگرتوویی خەباتکارانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران بە ئاسانترین و کەم ژانەسەرترین ڕێگا بۆ کۆتاییهێنانی ستەمی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ئامانج و داخوازیی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانێت

• کۆمەڵە بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارییەکانی جیهان و ناوچەکە و دەستوەردانیان لە ناوەندەکانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵێک کە لە وێرانیی شارەکان، کوشتار و ئاوارە و بێ سەرپەنا کردنی خەڵکی ستەمدیدەی ئەم ناوچەیە هەیانبووە، هەرجۆرە ئومێد بەستن و دەست بە داوێن بوونی ئەحزاب و لایەنە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل وە باقیی دەسەڵاتە کۆنەپەرستە سەرمایەدارییەکان وە چوونە ناو هاوپەیمانیی سیاسی لەم ڕاستایەدا، بەدژی بەرژەوەند و قازانجی خەڵکی کوردستان دەزانێ و بۆ ڕێگری لە ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان، چالاکانە و بەرپرسانە تێدەکۆشێت

• کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی ئەنترناسیۆنالیست، لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهان پشتیوانی دەکات و حمایەتی جیددی لە خەباتی جەماوەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ

• کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ تەئکید لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، لەسەر دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پێداگری دەکات. تەنیا بە بەشداریی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگادایە کە پرسی نەتەوایەتی بەشێوەی دیموکراتیک و لەڕاستای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان چارەسەر دەبێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دێت

• کۆمەڵە وێڕای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە خەبات دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەروا لێبڕوانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا و ناوەندەکانی سەمبۆل یان پارێزەری ستەمی نەتەوایەتی تێدەکۆشێت. وە دابین کردنی هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک کە خەڵکی کوردستان بتوانن ئازادانە سەبارەت بە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە واتای ئازادیی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بڕیار بدەن، بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئەگەر سەرەڕای دابین کردنی بەکردەوە و ڕاستەقینەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بڕیار بدەن کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دەمێننەوە، لەو حاڵەتەدا مافی بەرابەری خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداریی کۆمەڵگا دەبێ دابین و زەمانەت بکرێت

***



# دەوڵەتی ئیسرائیل تۆڵەی شکستی سیاسیی خۆی لە شەڕدا، لە خەڵکی لوبنان دەکاتەوە



لە کاتێکدا کە چل ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی کوشتار و وێرانکارییەکی زۆر لە ئێران، لوبنان و تا ڕادەیەکیش لە ئیسرائیل، ئێوارەی سێشەممە ١٨ی خاکەلێوە، ئاگربەستێکی دوو هەفتەیی لە لایەن ترامپەوە ڕاگەیەندرا. ئەم ئاگربەستە لە ڕواڵەتدا لەسەر داوای دەوڵەتی پاکستان و بە مەرجی قبووڵکردنی لەلایەن لایەنەکانی شەڕ و، لە بنەڕەتدا بۆ کردنەوەی گەرووی هورمز پێک هاتووە. هەڵبەت پێشتر ترامپ هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە داخستنی گەرووی هورمز نەهێنێت، سەرجەم ژێرخانە کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری، سەربازی و حکومییەکان خاپوور دەکات و شارستانییەتێک لەسەر ڕووی زەوی دەسڕێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم ئاگربەستە زۆر لەرزۆک و بێبناغەیە؛ چونکە هەر لە ئێستاوە هەردوو جەمسەرە شەڕانگێزەکە، هەرکامیان بە هۆکار و بیانوویەکەوە لایەنی بەرامبەر بە پێشێلکردنی ئاگربەستەکە تاوانبار دەکەن و، هەریەکەیان بە هێنانەئارای مەرج و بیانووی جۆراوجۆر، ئاگربەستەکە دەخەنە بەردەم قەیران و بەرەو چارەنووسی شکست پاڵی پێوە دەنێن. لەو سێ ڕۆژەی کە بەسەر ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکەدا تێپەڕیوە، لە چەندین شاری ئێران لەوانە بەندەرعەبباس، تاران، تەورێز و کەرەج، دەنگی فڕۆکە جەنگییەکان بیستراوە و تەقینەوەی گەورە و بەهێز بەردەوام بوون

ئێستا و لە کاتێکدا کە شاندەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامدانی دانوستان بەرەو ئیسلامئاباد بەڕێوەن، ئەمریکا پێداگری لەسەر کردنەوەی دەستبەجێی گەرووی هورمز دەکات و کۆماری ئیسلامیش بۆ ڕزگارکردنی حیزبوڵڵا لەژێر زەبری گورزەکانی ئیسرائیل، هەوڵ دەدات کە ئاگربەستەکە لوبنانیش بگرێتەوە. گرووپی حیزبوڵڵا، لە شەڕی ٤٠ ڕۆژەی دواییدا بۆ پشتیوانی لە ڕژێمی ئیسلامی، دەیان مووشەک و درۆنی ئاراستەی ئیسرائیل کردووە و لە بەرامبەریشدا، دەوڵەتی جینۆسایدکار و فاشیستی ئیسرائیل

ڕۆژانە بە بۆردومانی بێوەستان، باشووری لوبنان و ناوچەکانی باشووری بەیروتی کردووەتە وێرانە

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خاکەلێوە و هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی و لە دژایەتیکردنی ئەو ئاگربەستەدا، دەوڵەتی ئیسرائیل لە دڕندانەترین هێرشیدا بۆ سەر بەیروت و باشووری لوبنان، لانیکەم ٣٠٠ کەسی – کە یاریدەدەر و سکرتێری نەعیم قاسم، ڕێبەری حیزبوڵڵاشیان تێدابوو – کۆمەڵکوژ کرد و زیاتر لە ١١٠٠ کەسیشی بریندار کرد. هەڵبەت حیزبوڵڵاش لە کاردانەوە بەم



هێرشانە، دەستی دایە هاویشتنی مووشەک و ڕاکێتی زیاتر بەرەو ئیسرائیل. بەدوای ئەم هێرشانەدا، ترامپ ڕایگەیاند کە: "کۆتاییهێنان بە تێکهەڵچوونەکان لە لوبنان، لە ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا جێگەی بۆ نەکراوەتەوە و لوبنان بەشێک نییە لە ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە". ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵا بە پێشێلکردنی ئاگربەستەکە دەزانن

دەوڵەتی ناتانیاهۆ نەک هەر ئامادە نییە ئاگربەست لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان قبووڵ بکات، بەڵکوو هەوڵی داوە لە ڕێگەی دانوستانی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتی لوبنان، پرۆسەی چەککردنی حیزبوڵڵا خێراتر و پراکتیکی بکاتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە هەڕەشە بخاتە سەر ئاگربەستە لەرزۆکەکەی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی. ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خاکەلێوە، ناتانیاهۆ ڕایگەیاند کە: "پاش گفتوگۆ لەگەڵ ترامپ، فەرمانی بە دەوڵەتەکەی کردووە کە لە زووترین کاتدا دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی لوبنان دەست پێ بکەن." لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەم دانوستانانە لەسەر چەککردنی تەواوەتیی حیزبوڵڵا و دامەزراندنی پەیوەندییەکی ئاشتییانە لە نێوان لوبنان و ئیسرائیل چڕ دەبنەوە و، حەفتەی داهاتوو یەکەمین دانیشتنی لە واشینگتۆن بە ئامادەبوونی تیمی ئەمریکا و باڵیۆزانی لوبنان و ئیسرائیل لە ئەمریکا بەڕێوەدەچێت. لەم پەیوەندییەدا و هەر ئەو ڕۆژە، دەوڵەتی لوبنان فەرمانی بە سوپا و هێزە ئەمنییەکان کرد کە لە بەیروت دەست بە کۆکردنەوەی چەک بکەن، چونکە بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبوڵڵا، دەبێت چەک بە شێوەی پاوانکراو تەنیا لە دەستی دەوڵەتدا بێت. ئەم بڕیارە بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی دوو وەزیری سەر بە حیزبوڵڵا لە کابینەی لوبنان بووەوە. هەڵبەت چەککردنی حیزبوڵڵا لە لوبنان ناتوانێت بەو سادەییە بێتە دی

لەم پەیوەندییەدا، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خاکەلێوە، مەسعود پزیشکیان هێرشە سەربازییەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر حیزبوڵڵا بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەست و نیشانەی فریوکاری و پابەندنەبوونی ئەمریکا بە ڕێککەوتنە سەرەتاییەکانی ئاگربەستەکە لەقەڵەم دا و وتی ئەم کارە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بێمانا دەکات. ناوبراو هەڕەشەی ئەوەی کرد کە "پەنجەکانمان هێشتا لەسەر پەلەپیتکە ماونەتەوە". قالیبافیش کە لە سەرووی شاندی دانوستانکار لەگەڵ ئەمریکادایە وتی: "لوبنان و سەرجەم لایەنەکانی میحوەری موقاوەمەت، هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامین و بەشێکی جیانەکراوەی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەن." ئەویش بە لاف لێدانێکی بێبنەماوە ڕایگەیاند کە هەرچەشنە پێشێلکردنێکی ئاگربەست، باج و وەڵامی توندی بەدواوە دەبێت. گرتنەبەری هەڵوێستی لەم چەشنە لە لایەنگرییکردن لە حیزبوڵڵا، دەری دەخات کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو گورزە قورسانەی کە بەریکەوتووە، هێشتا لە هەوڵی بوژاندنەوەی ستراتیژییە ناوچەییەکەی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت"دایە. ئەمەش یەکێک لە نیشانەکانی لەرزۆکبوونی ئاگربەستێکی لەو شێوەیە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکادا

حیزبوڵڵای لوبنان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە ڕێنمایی و ئاراستەکردنی کۆماری ئیسلامی و کردەوە تیرۆریستییەکانی، لوبنانی کردووەتە گۆڕەپانی ململانێی ناوخۆیی و شەڕ و خوێنڕشتن لەگەڵ ئیسرائیل. ئەم گرووپە کۆنەپەرستە بە هۆی شکستخواردنی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ناچار بە قبووڵکردنی ئاگربەست و چەککردن و پاشەکشە لە باشووری لوبنان بوو. ئێستا دەوڵەتی لوبنان بە کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی هەنووکەیی، دەیەوێت قۆناغی دووەمی پرۆسەی چەککردنی حیزبوڵڵا جێبەجێ بکات و دەستی حیزبوڵڵا لە دەستوەردان لە حکومەتدا کورت بکاتەوە. بەڵام پێکهێنان و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە حیزبوڵڵای لوبنان لە پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، بەشێک بووە لە ستراتیژی دەستوەردان و شەڕانگێزییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا و باجێکی زۆر قورسیشی هەبووە. لە شەڕی ئێستاشدا، بەردەوامبوونی ئەم ستراتیژییە یەکێک بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە وێرانکەرە. سەرباری ئەمەش و سەرەڕای شکست و دارمانی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت" لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕژێمی ئیسلامی لەپێناو مانەوەی خۆیدا و لەوپەڕی قەیرانی ئابووریدا، بەتەمایە سەرلەنوێ ئەم گرووپە تیرۆریستییە ڕێک بخاتەوە و بیبوژێنێتەوە

***

## کۆمەڵگەی ئێران لەژێر گوشاری بۆمباران، سەرکوت و شەڕی دەروونیدا

لە شیکردنەوەی هەر شەڕێکدا، خاڵی دەستپێک، گێڕانەوە فەرمییەکانی حکوومەتەکان و میدیا زاڵەکان نییە، بەڵکوو پێگە و دۆخی بابەتیانەی ئەو مرۆڤانەیە کە لەژێر باری ئەو شەڕەدا دەژین. سەبارەت بە ئێران، ئەوەی خەریکە ڕوو دەدات، هاوکاتبوونی سێ ڕەوتی وێرانکەرە: هێرشی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و بۆمبارانە یەک لەدوای یەکەکان، سەرکوتی نێوخۆیی و، بەرهەمهێنانی ڕێکخراوی ئەو گێڕانەوانەی کە ڕاستییەکان چەواشە دەکەن. ئەم سێ ئاستە تێکئاڵاوە، هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە تێیدا چینە چەوساوە و بندەستەکان، نەک هەر لە ئیمکاناتە مادییەکانی مانەوە، ئاسایش، ژیان و بژێوی بێبەش دەکرێن، بەڵکوو دەرفەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی سەربەخۆیانەی دۆخی خۆیشیان لەدەست دەدەن. هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر ژێرخانە ژیانییەکان، لە ناوەندە پەروەردەیی و دەرمانییەکانەوە بگرە تا دەگاتە پیشەسازییەکانی پۆڵا و پترۆکیمیا و تۆڕەکانی وزە، تەنیا وێرانکردنی بینا و شوێنەکان نین. ئەم هێرشانە لە ڕاستیدا پەلامار دەبەنە سەر بنەماکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی. لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا وەک ئێران، هەر ئەم ژێرخانانە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا هەیە. لەناوچوونی ئەمانە بە واتای پەککەوتنی زنجیرەی بەرهەمهێنان، کەمبوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، و لە کۆتاییدا پەرەسەندنی هەژاری و نایەکسانییە. بە دەربڕینێکی دیکە، شەڕ تەنیا مرۆڤەکان ناکوژێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستماتیک هەلومەرجی ژیانی ئەو کەسانەش وێران دەکات کە زیندوو ماونەتەوە

بۆمبارانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ناکرێت بەدەر لە کێبڕکێی زلهێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی وزە و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییە ستراتیژییەکان و داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە شیبکرێتەوە؛ چ لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ و چ لە فۆرمی شەڕە بەوەکالەتەکاندا. وێرانکردنی ژێرخانەکان زۆرجار زەمینە بۆ فۆرمەلێکی نوێ لە وابەستەیی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی ژێر هەژموونی زلهێزەکان خۆش دەکات؛ ئاوەدانکردنەوەیەک کە نەک لە خزمەت پێداویستییەکانی خەڵکدا نییە، بەڵکوو لەپێناو بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی جیهانیدا ڕێک دەخرێت

لەم نێوەندەشدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش کە پایەیەکی ئەم شەڕەیە، بە پێکهاتەیەکی ئەمنی و ئایدۆلۆژیک و بە سەرکوتی ڕێکخراوی هەر جۆرە ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خانەنشینان، خوێندکاران و هەر ڕێکخراوەیەکی تری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی لە ئامرازەکانی بەرخۆدان و مقاوەمەت بێبەش کردووە. دەیان ساڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکان کە لەسەر بنەمای تایبەتسازی و هەرزانکردنی هێزی کار، گەندەڵیی پێکهاتەیی و تاڵانکردنی سەرچاوە گشتییەکان بۆ نێو تۆڕەکانی دەسەڵات دامەزراون، پوتانسێل و تواناکانی نێوەوەی کۆمەڵگەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان بە توندی لاواز کردووە. بەم چەشنە، شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی

ئێستا لەسەر بەستێنێک ڕوو دەدات کە پێشوەختە لەلایەن سیاسەتەکانی سەرمایەداریی ئیسلامییەوە تووشی پرتووکان و نایەکسانییەکی قووڵ بووەتەوە

بەڵام لەوانەیە یەکێک لە ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی ئەم دۆخە، نەک لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا، بەڵکوو لە گۆڕەپانی وێناکردن و تێگەیشتندا فۆرم بگرێت. لە هەلومەرجێکدا کە میدیا زاڵەکانی هەریەک لە لایەنەکانی تێوەگلاو، گێڕانەوەکانی خۆیان وەک حەقیقەت دەخەنە ڕوو، جۆرێک لە «شەڕی دەروونی» پێک دێت کە ئامانج لێی، زانیاریپێدان نییە، بەڵکوو فۆرمدانە بە بیروڕا و هەستوسۆزی گشتی. لەم کەشوهەوایەدا، ئازار و مەینەتی مرۆڤەکان کورت دەکرێتەوە بۆ ئامار و، وێرانیش وەک زەرووەرەتێکی حاشاهەڵنەگر یان تەنانەت ئامرازێک بۆ «باشترکردنی داهاتوو» وێنا دەکرێت. گوتارێکی لەم شێوەیە، کە هەندێک جار لەلایەن بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستیشەوە سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێتەوە، خاوەنی کارکردێکی ئایدۆلۆژیکە. کاتێک وێرانکاری وەک پێشمەرجی پێشکەوتن وێنا دەکرێت، لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان ئامراز و ئامانج سەرەوژێر دەکرێتەوە؛ لەوێدا کە پەیوەندییە ڕاستەقینەکانی دەسەڵات و چەوساندنەوە لەپشت وێنە فریودەرەکانەوە دەشاردرێنەوە. دووریی جوگرافیایی لە ڕاستیی ژیانی ئەو خەڵکەی کەوتوونەتە ژێر داروپەردوو و نەهامەتییەکانی شەڕەوە، بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێک لە تێڕوانینی دەرهەست (ئەبستراکت) بەرامبەر بە شەڕ؛ تێڕوانینێک کە تێیدا توندوتیژی و وێرانکاری دەبنە بابەتێکی قابیلی تەحەمول یان تەنانەت دڵخواز لە ڕێڕەوی «تێپەڕین»ێکی گریمانەیی لە کۆماری ئیسلامی. ئەم ڕوانگەیە، لەبری ئەوەی پشت بە ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی کۆمەڵگە ببەستێت، چاوی بڕیوەتە دەستی زلهێزە دەرەکییەکان و، بەم شێوەیەش پشتی لە ڕۆڵی کارا و عاملییەتی مێژوویی خەڵک کردووە

هیچ پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازانە لە ئێراندا ناتوانێت لەسەر ئەو کەلاوە و وێرانانە بونیاد بنرێت کە لەلایەن دەوڵەتە فاشیستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا دروست بوون. ئەزموونە مێژووییەکان گەلێک جار سەلماندوویانە کە ئەو «ئازادی»یەی لە دەرەوە دەسەپێندرێت، زۆرجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ لە وابەستەیی و هەژموون. لەم ڕووەوە، دژایەتیکردنی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و وێرانکەرە، لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی جیا نییە. پرسی سەرەکی لەم نێوەندەدا، وەرگرتنەوەی ئیرادە و دەوری کارای کۆمەڵایەتییە. لەم ڕوانگەوەیە کە خەباتی ڕێکخراوی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بە خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و، هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕابەرایەتییەکی سەرتاسەری لە ڕێگەی پێکەوەگرێدانی هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی ئەم بزووتنەوانەوە، گرنگییەکی سیاسی و پراکتیکی پەیدا دەکات. بێگومان، تەنیا بە ئامادەیی و هاتنەمەیدانی ڕێکخراو و هۆشیارانەی چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگەدایە، کە دەتوانرێت ئاسۆی ڕزگاری بخرێتە بەردەم کۆمەڵگە

***

# پاشایەتیخوازەکان؛ سەما و شایی لە سەردەمی شەڕدا شیوەن و ماتەمین لە سەردەمی ئاگربەستدا

چەند کاتژمێرێک دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن ترەمپ، سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە لە شەڕی دژ بە ئێران بە نێوەندگیری پاکستان، سوپای ئیسرائیل ڕۆژی چوارشەممە بە ١٦٠ موشەک و لە ماوەی تەنیا ١٠ خولەکدا، هێرشی کردە سەر ١٠٠ خاڵ لە ناوەندی بەیروت تا دەگاتە دەوروبەری باشووری لوبنان. ئەم هێرشانە کە لە کاتژمێرە قەرەباڵغەکان و بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە کرانە سەر گەڕەکی نیشتەجێبوون و ناوەندە بازرگانییە پڕهاتووچۆکان، بوونە هۆی گیانلەدەستدانی لانی کەم ٣٠٣ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ١١٥٠ کەس، ژمارەی ئەو بریندارانەش کە بەهۆی سەختی




برینەکانیانەوە گیان لەدەست دەدەن، لە هەڵکشاندایە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شەهباز شەریف، سەرۆک وەزیرانی پاکستان، لە کاتی ڕاگەیاندنی هەواڵی ئاگربەستەکەدا گوتی کە ئەم ئاگربەستە "هەموو شوێنێک، لەوانەش لوبنان" دەگرێتەوە، بەڵام چەند کاتژمێرێک دواتر، ترەمپ و بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، ڕایانگەیاند کە لوبنان ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەوە. ڕۆژی چوارشەممە، محەمەد باقر قالیباف، سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامی، ئەمریکای بە پێشێلکردنی ئاگربەست تۆمەتبار کرد بەهۆی بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و سوپای پاسدارانیش لای خۆیەوە هەڕەشەی ئەوەی کرد کە گەرووی هورمز ناکرێتەوە. ترەمپیش داوای لە نەتانیاهۆ کرد کە لە قورسایی هێرشەکانی بۆ سەر ئەم وڵاتە کەم بکاتەوە، بەڵام سەرباری ئەم داوایە، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان هێشتا بە توندی بەردەوامن. سەرەڕای ئامانجە پاوانخوازانەکانی ئیسرائیل لە لوبنان، ئەم هێرشانە دەتوانن بە مەبەستی تێکدانی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکەش ئەنجام بدرێن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نەتانیاهۆ پێشتریش چەندین جار ئاگربەستەکانی غەززەی گەیاندووەتە بنبەست

ئەم پێشهاتانە لە کاتێکدان کە جەماوەری ئێران خوازیاری کۆتاییهێنانن بەم شەڕە. جەماوەری ئێران ئەم شەڕە وێرانکەرە نەک هەر لە خزمەت ئامانج و خەباتەکانیاندا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نابینن، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەزموونیشەوە تێگەیشتوون کە ئەم شەڕە و دەرهاویشتەکانی، خەباتەکەیانی پەراوێز خستووە. لە ڕەوتی ئەم شەڕەدا، هەزاران کەس بوونە قوربانی و بریندار بوون و ملیۆنان کەسیش ئاوارە بوون؛ ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک قوتابخانەکان، زانکۆکان، نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکان، کارگەکان، هێڵی ئاسن، پردەکان، ڕێگاوبانەکان، کۆگاکانی وزە و هتد... بە توندی وێران کران. سەرەڕای هەموو ئەمانە، شەڕخوازان و فاشیستە پاشایەتیخوازەکان، کە لە کاتی شەڕەکە و بەدوای کوژرانی خەڵکی بێدەرەتانی ئێراندا لە شەقامەکانی ئەمریکا و ئەورووپا خەریکی سەما و شایی بوون، ئێستا بەهۆی ئەم ئاگربەستە و ئەو وەستانەی لە شەڕەکەدا دروست بووە، لە هەمان ئەو شەقامانەدا شیوەن دەگێڕن! چونکە بەم ئاگربەستە و چۆنیەتی پێشوەچوونی شەڕەکە، شاهیدی مەرگی خەونەکانیان و دارمانی هێزەکەیان دەبن. پاشایەتیخوازەکان تەنانەت ئەو کاتەش کە ترەمپ هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئێران "دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین و ئەم شارستانیەتە لەناو دەبات"، لە پیاهەڵدانی ترەمپ و ستایشی شەڕ درێغییان نەکرد. ڕەزا پەهلەوی پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکە، داوای کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕزگار نەکات، بێئاگا لەوەی کە ئەم شەڕە بوو —هەمان ئەو شەڕەی ئەو و لایەنگرانی ئاواتیان بۆ دەخواست— کە بە هانای کۆماری ئیسلامییەوە هات و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، ڕژێمی لە ژێر زەبری کوشندەی خەباتی کرێکاران و جەماوەری چەوساوەی ئێران دەرباز کرد. هەروەک چۆن پێشبینی دەکرا، کۆماری ئیسلامی نەک هەر بەهۆی شەڕەکەوە نەڕووخا، بەڵکوو دڕندەتر بوو و لە کاتی دەستپێکی شەڕەکەوە و بە قۆستنەوەی کەشی شەڕ، تا ئێستا هەزاران کەسی دەستبەسەر کردووە، دەیان کەسی لەسێدارە داوە و سەرکوتگەرییەکانی لە جاران زیاتر چڕ کردووەتەوە

هەر بە تێپەڕبوونی کاتژمێرەکانی سەرەتای شەڕ و کۆمەڵکوژیی خوێندکارانی میناب و ئاوارەبوونی خەڵک و وێرانبوونی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، دەرکەوت کە ئیدیعای شەڕخوازان، پاشایەتیخوازان و بۆرژوازیی ڕاستڕەوی لایەنگری دەستتێوەردانی دەرەکی سەبارەت بە "مرۆڤدۆستانە"بوونی شەڕ، "پێکانی ورد"ی بۆردومانەکان و ڕووخانی ئاسانی ڕژێم و ئازادی خێرای خەڵک، تا چ ڕادەیەک گەمژانە و ساویلکانە بووە. ئەم شەڕە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی ئێران لە چنگی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بۆ ئازادی و ئاسایشی جەماوەر نەبوو. ئەم شەڕە لە درێژە و لە هەمان ئاراستەی ئەو شەڕە وێرانکەرەی غەززە و کۆمەڵکوژکردنی زیاتر لە حەفتا و دوو هەزار فەلەستینی بوو لەلایەن حکومەتی فاشیستی ئیسرائیلەوە بە هاودەستی ئەمریکا. ئەم شەڕە درێژەی دەستتێوەردانە ئیمپریالیستییەکانی

دیکەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی لە عێراق، ئەفغانستان، لیبی، سووریا، یەمەن و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بە مەبەستی دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ لەسەر بنەمای ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی ئەم حکومەتانە. ئامانجی سەرەکی ئەمریکا لەم شەڕە، کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەرووی هورمز و ڕێڕەوە ئاوییە سەرەکییەکانە، تا وەک ئامرازێک لە ململانێی لەگەڵ چین و ڕکابەرە جیهانییەکانی دیکەدا بەکاری بهێنێت. دەوڵەتی ئیسرائیلیش شەڕەکەی لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیدا بۆ لاوازکردنی ڕکابەرە ناوچەییەکانی، فراوانکردنی هەژموونی خۆی و هێنانەدیی پلانی "ئیسرائیلی گەورە" دەبینی. کۆماری ئیسلامیش کە بە سیاسەتە ناوچەیی و شەڕخوازانەکانی، بە جبەخانە موشەکی و درۆنییەکانی و بە ڕێکخستن و پرچەککردنی هێزەکانی ناسراو بە بەرەی موقاوەمە، قاچێکی ئەم شەڕە بوو، دەیویست بە بوون بە هێزێکی باڵادەستی ناوچەکە مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. هەرچەندە ئەم پشکخوازییە لەسەر حیسابی گیان، ماڵ و ژیانی ملیۆنان مرۆڤ و لەناوچوونی بەرینی سەرچاوە و ژێرخانەکانی کۆمەڵگەی ئێران تەواو بێت

شەڕەکانی سیستەمی سەرمایەداریش ڕێک وەک قەیرانەکانی هیچ کۆتاییەکیان نییە؛ یاریپێکردن بە چارەنووس، گیان، ژیان و داهاتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەشێکە لە سرووشت و جەوهەری قازانجپەرستانە و بەرژەوەندیخوازانەی ئەم سیستەمە چینایەتییە زاڵمانەیە. سەرمایەداری سیستەمێکە کە شەڕ بەرهەم دەهێنێت و قەیران دەخولقێنێت، هەژاری و نایەکسانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ملیۆنان مرۆڤ لە پێناو بەرژەوەندیی خاوەن پیشەسازییەکان، کۆمپانیاکان و سەرمایە، و لە خزمەت درێژەدان بە تەمەنی ئەم سیستەمەدا، ڕاپێچی مەرگ و تیاچوون دەکات. هەر هێز و ڕەوتێک کە بەم سیستەمە و بە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانەوە گرێ درابێت، هاوبەشە لە پاراستن و هێشتنەوەی ئەم سیستەمەدا. کەواتە نە بۆرژوا لیبراڵەکان، نە سەرمایەدارە ئیسلامییەکان، نە پاشایەتیخوازەکان و نە ناسیۆنالیستەکان، هیچکامیان ناتوانن ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی و کەرامەتی مرۆیی بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن. بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە و سەرجەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەکان، دەبێت تەنیا و تەنیا پشت بە بزووتنەوەی جەماوەری دژەشەڕ ببەسترێت؛ بزووتنەوەیەک کە شۆڕ بووبێتەوە ناو پیشەسازییەکان و ژینگەکانی کار و پشتی بە هێزی چینی کرێکار قایم کردبێت. نابێت چاوەڕوانی هیچ باڵ و بەشێکی بۆرژوازی بین. تاکە ڕێگەی ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە شەڕ، هەڵاواردن، نایەکسانی و سەرجەم نەهامەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، بریتییە لە خەبات بۆ ڕێکخستن و هێنانەمەیدانی سەربەخۆی چینی کرێکار لە ژینگەی کار و ژیان لە شەقامەکاندا، هەروەها یەکگرتنی لەگەڵ سەرجەم مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا

❋❋❋

# کۆماری ئیسلامی، یاریکردن بە کارتی داخستنی گەرووی هورمزەوە

دانوستانەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئیسلامئابادی پایتەختی پاکستان، ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خاکەلێوە تووشی شکست هات و بێئاکام کۆتایی پێ هات. ئەم دانوستانانە لەپاش ئاگربەستێکی لەرزۆک لە ململانێ و شەڕێکی چل ڕۆژەی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو، کە ئێوارەی سێشەممە ١٨ی خاکەلێوە، هاوڕێ لەگەڵ هەڕەشەکانی ترامپ، بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاگەیەندرا. دانوستانەکانی ئیسلامئاباد بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر چالاکییە ناوکییەکانی ڕژێمی ئیسلامی، دیاریکردنی چارەنووسی زیاتر لە ٤٠٠ کیلۆگرم یۆرانیۆمی پیتێنراو بە ڕێژەی ٦٠ لەسەد، کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و مەودای مووشەکەکان، دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە، پشتیوانینەکردن لە گرووپەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت"، گەرووی هورمز و پرسە جێناکۆکەکانی دیکەی هەردوو لا ئەنجام درا

لە درێژەی ئەو شەڕە ٤٠ ڕۆژەیەدا، کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی هاویشتنی مووشەکەوە بەرەو کەشتییە بازرگانی و نەوتهەڵگرەکان کە بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕین، بەکردەوە بووە هۆی داخستنی ئەم گەرووە و ڕاگرتنی هاتووچۆ تیایدا. بەستنی ئەم شاڕەگەی ژیان لە ناوچەی کەنداو، لە سەردەمێکدا کە سەرمایەداریی جیهانی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشاوە، بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی وزە و بەرزبوونەوەی بێوێنەی نرخەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. بەدوای شکستی دانوستانەکانی ئیسلامئاباددا، ترامپ هەڕەشەی لە کۆماری ئیسلامی کرد کە: "ئەگەر داواکارییەکانی ئەمریکا قبووڵ نەکرێت، ئێران دەخاتە ژێر گەمارۆی دەریاییەوە"

شکستی دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا لە ئیسلامئاباد، شتێکی پێشبینیکراو بوو. چونکە هەردوو لایەنی سەرەکی ئەم جەنگە خۆیان بە براوەی شەڕەکە دەزانن. لەبەر ئەوەی ڕەوت و هاوسەنگی هێز لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا، لەگەڵ خواست و نێوەڕۆکی دەقی ١٥ خاڵیی ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، کە لە ڕاستیدا دەقێک بوو بۆ تەسلیمبوونی بێچەندوچوونی کۆماری ئیسلامی، یەکی نەدەگرتەوە. لەم شەڕە چل ڕۆژەیەدا، ترامپ نەگەیشتە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی. ئەم شەڕە کە بڕیار بوو زلهێزی ئەمریکا بە جیهان نیشان بدات، بەکردەوە لاوازی و سنوورداربوونی هێزی ئەمریکای دەرخست و سەرلێشێواویی ئەمریکای لە گۆڕەپانی ستراتیژیدا خستە ڕوو. سەرباری ئەمانەش، ترامپ دان بەم شکست و ناکامییە سیاسییەکەدا نانێت و خۆی بە براوەی شەڕ دەزانێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا نەیتوانی لەم شەڕەدا دەوڵەتانی ئورووپایی و ئەندامانی دیکەی ناتۆ لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات. سەرەڕای ئەوەش، لە ئاستی جیهانی و بەتایبەتی لە ناوخۆی ئەمریکاشدا، ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوانی نارەزایەتی ڕای گشتی و بزووتنەوەی دژەجەنگ بووەتەوە و لە هەموو لایەکەوە خراوەتە ژێر گوشارەوە. بێگومان لە ئەگەری درێژە و پەرەسەندنی شەڕدا، بزووتنەوەی دژەجەنگ لە ئەمریکا دەتوانێت درز بخاتە نێو بزووتنەوەی ماگا (مەزنایەتی بۆ ئەمریکا بگەڕێنینەوە) و دەوڵەتی ترامپ بخاتە پێگەیەکی لاوازترەوە

لە لایەکی دیکەوە، دەقە دە خاڵییەکەی کۆماری ئیسلامی و مەرجەکانی بۆ دانوستان، هیچ گونجان و هاوسەنگییەکی لەگەڵ پێگە یەکجار قەیراناوییەکەی، ئەو زەبرە قورسانەی کە ڕژێم لەم شەڕەدا بەری کەوتووە، ئابوورییە لەلێواریدارمانەکەی، تووڕەیی و بێزاریی جەماوەر، سنووردارbوونی توانای سەربازییەکەی و هتد... نییە. لە هەلومەرجی ئێستادا، هەرچەندە ڕژێمی ئیسلامی بە بەکارهێنانی کارتی داخستنی گەرووی هورمز و لەئاکامدا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز، کاریگەری خستووەتە سەر بازاڕ و ئابووریی جیهان و دەوڵەتی ترامپیشی خستووەتە ژێر گوشارەوە، بەڵام هێشتا لە پێگەیەکدا نییە کە بتوانێت مەرجەکانی خۆی سەبارەت بە درێژەدان بە بەرنامە ناوکییەکەی، هێشتنەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەرووی ٦٠ لەسەد، بەردەوامیدان بە بەرنامە مووشەکییەکان، کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز لەژێر سیاسەتی نوێدا، ئازادکردنی تەواوەتی سەروەتە دەستبەسەرداگیراوەکان، چارەسەرکردنی قەیرانی شەڕ لە لوبنان و هتد... بەسەر لایەنی بەرامبەردا بسەپێنێت

لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە بە نێوەندگیری دەوڵەتانی پاکستان، تورکیا و میسر، ئاگربەستە دوو هەفتەییەکە کە ئێستا هەفتەیەکی تێپەڕیوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی خولێکی دیکە لە دانوستانەکان درێژ بکرێتەوە و دۆخی "نە شەڕ نە ئاشتی" بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت. بێگومان هەلومەرجێکی واش بە زیانی کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێت و سەرەڕای فیز و لافلێدانی فەرماندەکانی سوپای پاسداران، ڕژێم لەژێر گوشاری لێکەوتەکانی ئابوورییەکی یەکجار قەیراناوی و لەلێواریدارمان و توندتربوونەوەی گەمارۆکاندا دەبێت. دیارە ترامپیش سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر هەڕەشەئامێزەوە ڕایگەیاندبوو کە لە ئەگەری نەکردنەوەی گەرووی هورمزدا شەڕەکە دەخاتە قۆناغی کۆتاییەوە؛ تەواوی پردە ستراتیژییەکان و وێستگەکانی کارەبا وێران دەکات و بە گوتەی خۆی "ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بەردین"، بەڵام نایەوێت شەڕەکە بەم شێوەیەی ئێستا درێژە پێ بدات. دەوڵەتی ترامپ لە ئەگەرێکدا کە نەتوانێت ئەندامانی دیکەی ناتۆ پەلکێشی ئەم شەڕە بکات، هەوڵ دەدات لەڕێگەی گەمارۆی دەریایی ئێران و ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی نەوت و بارکردنی کەشتییەکانەوە، گوشاری ئابووریی سەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چڕتر بکاتەوە و ناچاری بکات بە کردنەوەی گەرووی هورمز. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەڵگیرسانەوە و فراوانبوونی شەڕەکە هێشتا مەترسییەکی جددی و ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە

ڕوون و ئاشکرایە لەم بارودۆخەدا لێکەوتەکانی گەمارۆکان، باری بژێوی و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەتی کۆمەڵگا زیاتر لە جاران بەرەو هەڵدێری هەژاری و برسیەتی ڕادەکێشێت. بۆیە کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ و کەشوهەوای جەنگی، دەرفەتێکی لەبارتر بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەڕەخسێنێت، تاوەکوو بە تێپەڕاندنی ماندوویەتی و شەکەتی سەردەمی شەڕ، خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەست پێ بکەنەوە و بە وەرگرتنی دەرس و ئەزموون لە ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، ڕێکخراوتر، هۆشیارانەتر و بە بەرنامەترەوە بێنە مەیدانی خەباتەوە

❋❋❋

# ڕێپێوانی لەشکری فاتمییون لە تاران
# نیشانەی داڕمانی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەواڵدەریی فارس و میدیاکانی تری سەر بە ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی، بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ڕێپێوانی لەشکری فاتمییون (هێزێکی میلیشیای پێکهاتوو لە کۆچبەرە شیعەکانی ئەفغانستان) لە شەقامەکانی تاران، هەوڵیان داوە وێنەیەکی بەناو „دەسەڵات“ و „هاوپشتی شۆڕشگێڕانە“ نیشان بدەن. لە ڕواڵەتدا، وا بڕیارە ئەم کۆبوونەوانە نمایشی „پشتیوانی هێزەکانی میحوەری موقاوەمەت“ بێت لە ڕژێم؛ بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا لە شەقامەکانی پایتەختدا نمایش کرا، پێش هەر شتێک نیشانەی ترس و تۆقانی ڕژێمە لە سەرهەڵدانەوەی تەقینەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی.

کۆماری ئیسلامی کە لە دەیەی ڕابردوودا بەشێک لە ستراتیژی ناوچەیی خۆی بە پشتبەستن بە هێزە میلیشیا شیعەکانی وەک لەشکری فاتمییون، زەینەبییون و حەشدی شەعبی دەبردە پێش، ئێستا هەمان ئەو هێزانە بانگێشتی ناو سنوورەکانی خۆی دەکاتەوە. سەرانی کۆماری ئیسلامی کە پێشتر دەیانگوت بۆ پاراستنی ئاسایشی خوڕەمشار و تاران دەبێت لە سووریا شەڕ بکەین، ئێستا ئەم هێزانەیان هێناوەتە تاران تاوەکوو بۆ پاراستنی ڕژێمی ئیسلامی لە دژی دوژمنی ناوخۆیی، واتە جەماوەری خەڵک، ئامادەی شەڕ بن. ئەم جێگۆڕکێیە، دەربڕینی ئاوەژووی لاوازییەکی مێژووییە؛ ڕژێمێک کە سەردەمانێک هێزە بەوەکالەتەکانی (بەکرێگیراوەکانی) بۆ شەڕی دەرەکی ڕێکدەخست، ئەمڕۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی پەنایان بۆ دەبات.

دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بەگشتی بۆ پاراستنی هەژموون و دەسەڵاتیان پەنا دەبنە بەر ئامرازە ئابوورییەکان، بەڵام کۆماری ئیسلامی دوای ساڵانێک لە سەپاندنی سیاسەتەکانی ڕیازەتی ئابووری، لێکەوتە و کارەساتەکانی گەمارۆکان، گەندەڵی پێکهاتەیی و داڕمانی بەهای دراوی نیشتمانی، گەیشتووەتە قۆناغێک کە ئامرازە ئابوورییەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر لەدەست داوە. دابەزینی حەقدەستی ڕاستەقینەی کرێکاران، پەرەسەندنی گرانی، هەژاری و بێکاری، و بێتوانایی لە دابینکردنی کەمترین بژێویی ژیان، کەلێنی چینایەتی گەیاندووەتە لێواری تەقینەوە. لەم هەلومەرجەدا، دەزگای ئایینی و ئایدۆلۆژیکی ڕژێم توانای پاساوهێنانەوە و شەرعیەتدانی بەم دۆخە لەدەست داوە و دەسەڵات هەوڵی داوە بە نمایشی توندوتیژی ڕێکخراو، „ترس و تۆقان“ بکاتە جێگرەوەی „ڕەزامەندی“. هێژمۆنی چینی سەرمایەداری دەسەڵاتدار لە هەلومەرجی سەقامگیریدا، لەسەر تێکەڵەیەک لە ڕەزامەندی و زۆرەملێ وەستاوە؛ بەڵام لە ساتی قەیراندا، ئەم هاوسەنگییە دادەڕمێت و „زەبروزەنگی ئاشکرا و بێسنوور“ جێگەی دەگرێتەوە. لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەشێکی بەرفراوان لە چینی کرێکار، مامۆستایان، پەرستاران و لاوانی بێکار ئیتر بڕوایان بە گێڕانەوە فەرمییەکانی „موقاوەمەت“ و „شەهادەت“ نەماوە. لە دۆخێکی وەهادا، بانگێشتکردنی هێزە نیابەتییەکان نیشانەی لاوازبوون و لەکارکەوتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامییە. ڕژێم بە کردەوە دان بەوەدا دەنێت کە ئیتر ناتوانێت تەنیا لە ڕێگەی ئامرازە ناوخۆییەکانەوە سیستەمەکەی بپارێزێت و ناچار بووە پشت بەو هێزانە ببەستێت کە لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران شکڵیان گرتووە.

هێزی لەشکری فاتمییون، کە زۆربەیان لە نێو کۆچبەرە هەژارە ئەفغانستانییەکانەوە ڕاکێشراون، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتە کۆنەپەرستانە و ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامین. ئەم هێزانە ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی سووریا کران بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی کۆماری ئیسلامی دابین بکەن و ئێستا هەمان لۆژیک، بە شێوەیەکی پێچەوانە، گەڕاوەتەوە بۆ ناوخۆی وڵات. ئەوەی ڕژێم لە دەرەوە چاندبووی، واتە شەڕی بەوەکالەت بۆ ئامانجگەلی کۆنەپەرستانە کە لەسەر بنەمای هەژاری و بێمافیی مرۆڤەکان بونیاد نرابوو، ئەمڕۆ لە ناوخۆدا دروێنەی دەکات. ئەم وەرچەرخانە، یەکێکە لە ڕوونترین دەرکەوتەکانی قووڵبوونەوەی قەیران لە کۆماری ئیسلامیدا. هاوکاتبوونی ئەم نمایشانە لەگەڵ بەردەوامبوونی بۆردومانی ژێرخانە مەدەنییەکان لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە و هەڵکشانی قەیرانی جەنگ لە ناوچەکەدا، ئەوە دەردەخات کە دەسەڵات لە ئامادەکاری بۆ شەڕ لە ناو خودی کۆمەڵگەشدا بێئاگا نییە. ئەمەش هەوڵێکە بۆ خولقاندنی جۆرێک لە گەمارۆی دەروونی، کە تێیدا هەر ناڕەزایەتییەکی جەماوەری لە هەلومەرجی جەنگدا وەک „خیانەت“ پێناسە بکرێتەوە.

بەڵام ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە کۆمەڵگە نەک هەر لەگەڵ ئەم ڕەوایەتانەدا نییە، بەڵکوو بەگژیشیاندا دەچێتەوە و بەرخۆدان دەکات. تا پێکهاتەی دەسەڵات میلیتاریزەتر بووبێت، کەلێنی کۆمەڵایەتیش زیاتر پەرەیسەندووە. گەڕاندنەوەی هێزە بەکرێگیراوەکان بۆ ناوخۆ، لە ڕاستیدا سنووری نێوان جەنگی دەرەکی و سەرکوتی ناوخۆیی سڕیوەتەوە. یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم دیاردەیە، ماهییەتە چینایەتییەکەیەتی. هێزەکانی لەشکری فاتمییون زۆربەیان لە بێبەشترین توێژەکانی کۆچبەری ئەفغانستانین، کە لە هەلومەرجێکی تەواو بێمافیدا، وەک هێزی کاری سەربازی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. لێرەدا ئێمە لەگەڵ فۆرمێک لە „هێزی کاری میلیشیایی“، واتە گۆڕینی هەژاری و پەراوێزنشینی بۆ ئامرازی سەرکوت ڕووبەڕووین. بەم شێوەیە، کۆماری ئیسلامی توندوتیژی و هەڵاواردنی پێکهاتەیی بە شێوەیەکی هاوکات و پێکەوە بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا، تەنیا وەڵامی ڕزگاریخوازانە، شکڵگرتنی هاوپشتیی چینایەتییە. کرێکاری ئێرانی و کۆچبەری ئەفغانستانی لە دوو جەمسەری دژایەتییەکی ڕاستەقینەدا نین؛ هەردووکیان قوربانیی لۆژیکی هاوبەشی سەرمایەدارین و ململانێی نێوانیان بەرهەمی ئەندازیارییەکی سیاسییە بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی چینایەتی. ئەرکی هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری، ئاشکراکردنی ئەم دژایەتییە ساختەیە و پێداگرییە لەسەر کەلێنە ڕاستەقینەکە کە هەمان کەلێنی چینایەتییە. خۆڕێکخستنی وشیارانە و سەربەخۆی کرێکاران، مامۆستایان، ژنان و لاوان مەرجی بنەڕەتییە بۆ تێپەڕاندنی دۆخی هەنووکەیی؛ بەبێ ئەوە، هەر بزووتنەوە و ناڕەزایەتییەک مەترسیی سەرکوت یان بەلاڕێدابردنی لەسەرە. ئامادەبوونی هێزە بەوەکالەتەکان لە شەقامەکانی ئێراندا، لە ڕواڵەتدا نمایشی هێزە؛ بەڵام لە نێوەڕۆکدا، نیشانەی ئاوابوون و داڕمانی هێژمۆنیی حکوومەتی ئیسلامییە. ڕژێمێک کە بۆ پاراستنی نەزمی ناوخۆیی پەنا بۆ هێزە دەرەکییەکان دەبات، لە ڕاستیدا پەردە لەسەر نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵدەداتەوە. ئەم دۆخە دەربڕی قۆناغێک لە قەیرانە کە تێیدا قۆرخکاریی ئابووری دەگۆڕێت بۆ قۆرخکاریی زەبروزەنگی ئاشکرا. بەڵام، هەروەک ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت تەنیا لەسەر بنەمای ترس پایەدار بمێنێتەوە. ئاسۆی ڕزگاری، لە گرێدانی خەبات دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دژی سیستەمی سەرمایەداری، و هەروەها لە هاوپشتیی چەوساوەکاندایە؛ شوێنێک کە تێیدا مرۆڤەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێرانین یان ئەفغانستانی، نەک لە بەرامبەر یەکتردا، بەڵکوو شانبەشانی یەکتر لە بەرامبەر سیستەمێکدا دەوەستنەوە کە هەردووکیان دەچەوسێنێتەوە.

❋❋❋







# شێعر

## بەهار و کچ

ئەو کاتەی کە با ، شنەی هەڵ ئەکا
بارانی بەهار ، سەمای بۆ ئەکا
سەوزە سەر دێنێ ، قەژی باز ئەکا
باران ئەیشۆرێت ، با شانەی ئەکا
چرپەی پێت لە گوێم ، لە نم نم باران
بۆنی تۆی هێنا شنەی بەهاران
بەفراو کەوتە رێ ، دڵ چیای درێ
گوڵ لە هەمۆ رەنگ ، سەری هەلبرێ
جریوە جریو ، مەلی بەهاری
قاسپە قاسپی کەو ، شاخ کوردەواری

دەمو لێوەکەت ، گولاڵە سوورە
زۆڵفە لوولەکەت ، چەپکەی چنوورە
بۆ ئەوەی سروشت ، جل و بەرگ گۆڕێ
پەڵەی هەوری رەش ، بەر هەتاو ئەگرێ
بە هارە و هاژە ، چەم رێگا ئەبڕێ
تا لە دڵ دەریا ، ئوقرەیەک بگرێ
بەفری سەر چیا ، سپی وەک روومەت
هارە و هاژەی چەم ، لەرزەی پامورەت

***

لە نا مونتەنای ، ئاسمان شینەوە
مەلان لە کوچی ، زستان دێنەوە
ئەگرا بەهارە ، ئەگرا بەهارە
چاوە رێ ی هاتن ، یاری نازدارە

***

گوڵاڵە سوورە ، یا کوو لێوی تۆ
شەپۆلی دەریا ، یا چین قژی تۆ
شنەی بای بەیان ، یا هەناسەی تۆ
بەفر لە چیا ، یا سەر سینگی تۆ
لەنجە و لاری کەو ، یا رویشتەنی تۆ
هارە و هاژەی چەم ، یا پامورەی تۆ
هەوری رەش بلێم ، یا کوو زوڵفی تۆ
برووسکە و چەخماخ ، یا ئاوری تۆ
مزگێنی بۆ مەل ، یا بۆ ئاشق تۆ

***

سەرم لێ شێوا ، ئەمن لەم ناوا
تۆ وەک بەهاری ، یا بەهار وەک تۆ ؟!!

ئیبراهیم حەیدەری

❊❊❊




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦